*Journal of Language Studies* Vol. 10, No. 1, Part 2, 2026, Pages (71-92)
DOI: https://doi.org/10.25130/Lang.10.1.P2.5

IRAQI Academic Scientific Journals
المجلات الأكاديمية العلمية العراقية

ISSN: 2663-9033 (Online) | ISSN: 2616-6224 (Print)
Journal of Language Studies
Contents available at: https://jls.tu.edu.iq/index.php/JLS

# Social and Cultural Principles in Kurdish Language

**Asst. Lect. Dashty Bahjat Mohammed***
**Kurdish Department/ College of Education/ Charmo University- Sulaymaniyah.**
Dashti.bahjat@chu.edu.iq
**&**
**Prof. Dr. Shakhawan Jalal Haji Faraj**
**Kurdish Department/ College of Languages/ Sulaimani University – Sulaymaniyah.**
shakhawan.faraj@univsul.edu.iq

**Received:** 06/11/2025, **Accepted:** 02/12/2025, **Online Published:** 31/03/2026

## Abstract
This research attempts to discuss and analyze the process of perception as an important and complex process‹which is the subject of many sciences. It also attempts to investigate the social and cultural principles ‹that influence the process of perception, because perception, as a psychological and cognitive process, plays an important role in the act of understanding‹this is important for the continuity of communication in individuals' daily lives. That is, one of the main factors in our understanding of the meaning and purpose of expressions in everyday speech in our various professions and social relationships are the social and cultural principles that members of different social classes of society follow and rely on to understand purpose. Therefore, the relationship between social and cultural

* **Corresponding Author:** Dashty Bahjat Mohammed**, E-mail:** Dashti.bahjat@chu.edu.iq.
**Affiliation:** Charmo University - Iraq

© This is an open access article under the CC by licenses http://creativecommons.org/licenses/by/4.0

principles and their influence on perception is an effective factor in perception and understanding of the purpose and meaning of our expressions, Sociocultural principles also play a significant role in shaping individual perceptions and influence how they make sense of the world around them. Therefore, social and cultural factors play a role in how individuals perceive, interpret and apply the world around them.

**Keywords:** Understanding, Selection, Organization, Analysis, Societal Norms

## المبادئ الاجتماعية والثقافية في اللغة الكردية

م. م. دشتى بهجت محمد

قسم اللغة الكردية / كلية التربية / جامعة جرمو

أ. م. د. شاخوان جلال فرج

قسم اللغة الكردية / كلية اللغات / جاميعة السليمانية

**المستخلص**

تحاول هذه الدراسة مناقشة وتحليل عملية الإدراك كعملية مهمة ومعقدة، وهي موضوع العديد من العلوم. كما تسعى للبحث في المبادئ الاجتماعية والثقافية التي تؤثر على عملية الإدراك، لأن الإدراك كعملية نفسية وعقلية يلعب دوراً مهماً في فعل الفهم، وهذا مهم لاستمرارية التواصل في الحياة اليومية للأفراد. أي أن أحد العوامل الرئيسية في فهمنا لمعنى وهدف التعبيرات في كلامنا اليومي في مختلف مهننا وعلاقاتنا الاجتماعية هو المبادئ الاجتماعية والثقافية التي يتبعها أفراد الطبقات الاجتماعية المختلفة في المجتمع ويعتمدون عليها لفهم الهدف. لذلك، تعد العلاقة بين المبادئ الاجتماعية والثقافية وتأثيرها على الإدراك عاملًا مؤثرًا في إدراكنا وفهمنا لغايات ومعنى تعبيراتنا. كما تلعب المبادئ الاجتماعية والثقافية دورًا هامًا في تشكيل إدراكات الفرد والتأثير على كيفية فهمه للعالم من حوله.. لذلك فإن العوامل الاجتماعية والثقافية لها دور وتأثير في كيفية إدراك الأفراد وتفسيرهم وتعاملهم مع العالم من حولهم، وهذه العوامل متجذرة في السياق الاجتماعي والثقافي.

**الكلمات المفتاحية:** الفهم، الاختيار، التنظيم، التحليل، المعايير الاجتماعية

## پەیپێبرن پەیوەست بە بنەماکۆمەڵایەتی و کلتورییەکانەوە لە زمانی کوردیدا

م.ی. دەشتی بەهجەت محەمەد عەلی

بەشی کوردی/ کۆلێژی پەروەردە / زانکۆی چەرموو

پ.د. شاخەوان جەلال حاجی فەرەج

بەشی کوردی / کۆلێژی زمان / زانکۆی سلێمانی

پوختە:

ئەم توێژینەویە هەوڵدەدات پرۆسەی پەیپێبردن وەک پرۆسەیەکی گرنگ و ئاڵۆز توێژینەوە و لێکۆڵینەوەی لێبکرێت، کە بابەتی زۆرێک لە زانستەکانە، هەروەها هەوڵدەدات لەو بنەما کۆمەڵایەتیی و کلتورییانە بکۆڵێتەوە کە کاریگەرییان لەسەر پرۆسەی پەیپێبردن هەیە، چونکە پەیپێبردن وەک پرۆسەیەکی دەرونیی ئاوەزی ڕۆڵی گرنگ لە کردەی تێگەیشتندا دەبینێت، ئەمەش بۆ بەردەوامی پەیوەندییکردن لە ژیانی ڕۆژانەی تاکەکاندا گرنگە، واتە یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکانی پەیپێبردنمان بە واتاو مەبەستی دەربڕاوەکان لە ئاخاوتنی ڕۆژانە لە پیشە و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییە جۆراوجۆرەکانمان ئەو بنەما کۆمەڵایەتیی و کلتوریانەن، کە ئەندامانی پۆلە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکانی کۆمەڵگا پەیڕەوی دەکەن و بۆ تێگەیشتن لە مەبەست پشتیی پێدەبەستن. هەر بۆیە پەیوەندیی بنەما کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان و کاریگەرییان لەسەر پەیپێبردن هۆکارێکی کاریگەرە لە پەیپێبردن و درککردن بە مەبەست و واتایی دەربڕاوەکانمان. هەروەها بنەما کلتوریە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی بەرچاو لە دارشتنی هەستکردنەکانی تاک و کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتیی واتادارکردنی جیهانی دەوروبەر هەیە، لەبەرئەوە هۆکارە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر چۆنییەتیی هەستکردن و لێکدانەوە و پەیپێبردنی تاکەکان بۆ دنیای دەوروبەریان هەیە، ئەم هۆکارانەش ڕەگیان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کلتوریدا هەیە،

**کلیلە وشەکان:** پەیپێبردن، هەڵبژاردن، ڕێکخستن،لێکدانەوە، نۆرم، بەها کۆمەڵایەتییەکان .

**پێشەکی.**

ناونیشانی ئەم توێژینەوەیە بۆ(پەیپێبردن پەیوەست بە بنەما کۆمەڵایەتیی و کلتورییەکان لە زمانی کوردییدا) تەرخانکراوە، خستنەڕوویەکی نوێیە بۆ یەکێک لەو بابەتانەی، کە لە زۆربەی زانستەکانی (دەروناسی، زانستی دەمار، فەلسەفە و زیرەکی دەستکرد) بوبە بابەتی لێکۆڵینەوە، توێژینەوەکە لە بنەمادا پارێکی تێزی دکتۆرایە، بە ڕوانگە و تێگەیشتنێکی نوێوە خراوەتەڕوو و شرۆڤەی بۆکراوە، بە جۆرێک توێژینەوەکە ورد و پوخت لە پەیپێبردن و جۆرەکانی و هۆکارە کاریگەرەکانی سەری دەکۆڵێتەوە، بە مەبەستی گەیشتن بە ئەنجامی زانستی و ورد توێژینەوەکە بەسەر دوو بەشی سەرەکیدا دابەشکراوە: بەشی یەکەم بۆ، سەرەتایەک بۆ بنەماکانی پەیپێبردن (پەیپێبردن(چەمک و ڕوانین)) دانراوە، تیایدا (قۆناغەکانی پەیپێبردن)، (جۆرەکانی پەیپێردن )، (هۆکارە کاریگەرەکانی سەر پەیپێبردن)، (کاریگەریی کلتور لەسەر پەیپێبردن) باسکراو، هەرچی بەشی دووەمە تایبەتە بە (پەیوەندیی بنەما کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان و پەیپێبردن)، لە چەند پارێکدا (نۆرم و بەها کلتورییەکان، زمان و ڕێژەیی زمان، کۆمەڵایەتییبوون، میدیا و کاریگەرییە کلتورییەکان، ناسنامەی کۆمەڵایەتیی و ئەندامبوون لە گروپ، نەریت و ڕێوڕەسمە کلتورییەکان، گۆرانکارییە کلتورییەکان) خراونەتە بەرباس و لێکۆڵینەوە.

بەشی یەکەم: سەرەتایەک بۆ بنەماکانی پەیپێبردن:

١)پەیپێبردن (چەمک و پەسن):

پەیپێبردن لە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی(Perception) ی بۆ بەکارهاتووە، چەمکێکی فرەلایەنەیە لە بوارە جیاوازەکاندا بە شێوەیەکی بەرفراوان لێکۆڵینەوەی لە بارەوە کراوە، لەوانە: دەروناسی، زانستی دەمار، فەلسەفە و زیرەکی دەستکرد، واتە پێواژۆیەکی ئاوەزی یان دەرونییە، لە ڕێگەی ڕێکخستن و ناسینەوە و شیکردنەوەی زانیارییە هەستییەکانی دەوروبەرەوە، بە مەبەستی ناسینەوەی دەوربەر، یاخود لە ڕێگەی پەیڕەوی دەمارییەوە بەدەستهاتووە،

ئەمەش لە ئەنجامی ورژێنەرە فیزیکی و کیمیاوییەکانی ئەندامە هەستییەکانی جەستەوە وەرگیراوە، لە کارلێککردنمان لەگەڵ فیزیکی دەرەوە جیهان، پێویستە زانیارییەکانی لێ پرۆسێس بکەین بە مەبەستی زانینی جیهان، کەواتە پەیپێبردن ئەو پرۆسەیە ، کە تاکەکان بەهۆیەوە ئەو زانیارییە هەستیارانەی لە جیهانی دەوروبەریانەوە وەریدەگرن لێکدانەوەی بۆدەکەن و واتایەکی دەدەنێ(6; rashmithakjn,2024 )، لەمرۆانگەیەوە (سیگنەر) پێیوایە"ئێمە هەموو شت لە جیهاندا ئەزموون دەکەین نەک وەک خۆی، بەڵکو تەنها وەک ئەوەی جیهان لە ڕێگەی وەرگرە هەستیارەکانمانەوە وەریدەگرین(singer, 1987: 9), واتە پەیپێبردن بە هەستکردن بە ورژێنەرەکان و وەرگرتنی هەندێک لەو زانیارییە هەستیانە دەستپێدەکات، کە لە ڕێگەی هەستە جیاوازەکانی ( بینین، بیستن، تامکردن، بۆنکردن، دەستلێدان) بۆ پێڕەوی پەیپێبردن دەگوێزرێتەوە، لەمەشەوە پەیپێبردن بریتی دەبێت لە سەرلەنوێ وەرگرتنەوەی زانیاری دەربارەی بابەت و کەرەستەکان لەدەوروبەر وژینگەدا هەر پینج هەستەکەمان لەخۆدەگرێت، واتە لە ڕێگەی پەیپیبردنەوە زیاتر لە هەستێک بەشداری دەکات ، پەیوەست بە دیاردەی زمانەوە وردەکاریی گەیشتنی واتا و زانیاریی ئاخاوتنێکمان بۆ فەراهەم دەکات، بە شێوەیەک ئەگەر گرفتێک لە پەیپێبردنەکادا دروستبوو سانایانە دەزانین ئەو زانیارییەی یەکێک لە هەستەکان، لە ڕێگەی لیهاتوویەکانەوە گواستوویەتییەوە گرفتی تێدایە(کاروان، شاخەوان ، ئاڤێستا، ٢٠١٧: ٢٨٥)، بۆ نموونە گرفت لە لێکدانەوەی تامی (پرتەقاڵ)یاخود گرفت لە لێکدانەوەی ڕەنگی (خوێن) یان کەموکورتی لە لێکدانەوەی شێوەیەکی وەک (گۆیەک)، واتە هەستەکان تاکە ئامرازی پەیوەندیی ڕاستەوخۆی نێوان تاک و جیهانی دەرەوەیە، بۆیە هەرکات یەکێک لە هەستەکانی مرۆڤ زیانی پێدەگات و توشی گرفت بوو، ئەوا ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی ئەو هەستەوەرانەوە پێماندەگات گرفتی بۆ درووست دەبێت، واتە هەستەوەرەکانی مرۆڤ هەریەکەیان بەرپرسن لە وەرگرتنی زانیاری جیاوازو جۆراوجۆر کاتێک زانیارییەکان لەگەڵ هەستەکان کارلێک دەکەن ڕاستەوخۆ دەتوانرێت زانیاریی گەیشتوو بە هەستەکان لێکدانەوەی بۆ بکرێت و بناسرێت، ئەم لێکدانەوە و ناسینەوەیە بە پەیپێبردن ناسراوە، کەواتە پەیپێبردن دەرئەنجامی کارلێکی زانیارییەکان و هەستەکان بەرجەستە دەبێت، هەر بۆیە پەیپێبردن بە شت و زانیارییەکان جیاواز دەبێت، لە نێوان ئەوەی شتێک یان تەنێک یان دەربڕاوێک گەر جاری یەکەم لەگەڵ هەستەکان بەریەکدەکەون، بەڵام لە ئەنجامی دووبارەی ئەم بەرکەوتنە توانای پەیپێبردن بە لێکدانەوە و ناسینەوەی زانیارییەکان خێراتر و ئاسانتر دەبێت، بۆ نموونە کاتێک کەرەستەیەکی وەک (مۆبایل) یەکەمجار بەر هەستی دەستلێدان و بینینی مرۆڤ دەکەوێت، ئەوا ڕاستەوخۆ ناتوانرێت شارەزایی لە ناسینەوە و چۆنیەتیی بەکارهێنانی ببین، بەڵام لە ئەنجامی ئەزمونکردن و چەندین جار دووبارەکردنەوە لە بەکارهێنانی بەشێوەیەکی خێراتر پەی بە پرۆگرام و شارەزای لە بەکارهێنانی دەبین، ئەم دیاردەیە بۆ دەربڕاوە زمانییەکانیش بەهەمان شێوەیە ، کاتێک کەسێک یەکەمجارە گوێی لە ئیدیەمێک یان پەندێک یان میتافۆرێک دەبێت، لە دەوروبەی بەکارهینانییەوە دەتوانێت جۆرێک لە پەیپێبردن بە مەبەستەکە بکات، بەڵام دەربڕاوەکان بەپێی دەوروبەرە جیاوازەکان دەتوانن واتای جیاوازیان هەبێت، بۆیە بە بیستینی هەرجارێک ئەو دەربڕاوانە لە دەوروبەرە جۆرا و جۆرەکاندا دەتوانرێت بە شێوەیەکی ئاسانتر و خێراتر لە مەبەستەکان بگەین، بۆ ڕوونکردنەوەی زیاتر بڕوانە نموونەی(١) :

1.بەنج بەرینەداوە

-لەلای پزیشکێک: کەسێک، کە نەشتەرگەری بۆ ئەنجامدەدرێت، پێویستی بە سرکردن هەیە.

-لەلای فیتەرێک: بەواتای هەڵخەڵەتاندن بەکاردێت.

-لای مامۆستاێک : کاتێک خوێندکارێک لە تاقیکردنەوە خراپە و توشی شۆک دەبێت.

واتە گەر یەکەمجار گوێمان لەو دەربڕوانە بێت، ئەوا ئەو دەربڕاوانە بۆ پێواژۆی پەیپێبردن دەگوازرێتەوە، بەڵام ناتوانرێت تێگەیشتن بەرجەستە ببێت، واتە لە پێواژۆی پەیپێبردندا، ئەو زانیارییانە لە ڕێگەی هەستەکانەوە وەرگیراوە

بەشێوازی خێرا بۆ ئاوەزی مرۆڤ دەگوازرێنەوە و مانادارەبن. واتە پەیپێردن بریتییە لە پێواژۆی گەیشتن بە هۆشیاری، یان تێگەیشتن لە زانیاریە هەستییەکان. یاخود ئاماژەیە بۆ ئەو پێواژۆیەی، کە مێشک زانیاری هەستیاری لە ژینگەی دەوروبەر لێکدەداتەوە و ڕێکدەخات، ئەمەش هاوکارمان دەبێت لە جیهانی دەوروبەر تێبگەین و کارلێکی لەگەڵ بکەین. واتە لە کارلیککردنمان لەگەڵ جیهانی دەرەوەی فیزیکیدا، بە مەبەستی تێگەیشتن و زانینی جیهان پێویستە زانیارییەکانی لێ پرۆسێس بکەین. واتە پەیپێردن پێواژۆیەکە تاکەکان ئەو زانیارییانەی کە لە ژینگەی دەرەکی و ناوخۆی وەریدەگرن، بە ئاگایی، یان نائاگایی، تۆمار و هەڵسەنگاندنی بۆ دەکەن، پاڵنەرێک بۆ ئەوەی هەستی پێبکرێت، سەرەتا دەبێت زانیاری لەسەر دەستنیشانبکرێت و دواتر پرۆسێس بکرێت،هەر بۆیە مرۆڤ وەک سەرچاوەیەکی زانیاریی گرنگی بە هەستەکانی دەدات، هەستە جیاوازەکان جۆری جیاوازی زانیاری پێشکەشدەکەن، هەر بۆیە هەستەکانی مرۆڤ زانیاریی دروست دەدەن بەدەستەوە، هەر بۆیە هەستەکان وەک بنەمای حوکمدان کاردەکەن( Norbert Schwarz,2010)، لەمروانگەیەوە دەتوانین بڵێین ئەو ڕێگایانەی زانیاری هەستپێکراوی پێلێکدەدەینەوە بریتییە لە پەیپێبردن، هەر بۆیە پەیپێبردنی ئاخاوتنی ئەو پێواژۆ دەگرێتەوە، کە دەبنە هۆی لێکدانەوەی سەرەتایی بۆ دیاردەکانی ژیان لە نێویاندا (زمان)، (کاروان، شاخەوان ، ئاڤێستا، ٢٠١٧: ٢٨٥.(

١/١) قۆناغەکانی پەیپێبردن:

پێواژۆی پەیپێبردن، بریتییە لە زنجیرەیەک هەنگاو، کە بە هاندەر و پاڵنەرەکانی ناو ژینگە دەستپێدەکات و بە لێکدانەوەی ئێمە بۆ ئەو هاندەرانە کۆتایی دێت، ئەم پێواژۆیە بەشێوەیەکی گشتی نائاگاییە، پێواژۆی نائاگایی تەنیا پێواژۆیەکە، کە بەبێ هۆشیاری و مەبەست ڕوودەدات. بۆ نموونە کاتێک لە شەوێکی سارد دا بچیتە دەرەوە، ئەوا هاندەر و پاڵنەرەکان بەشێوەیەکی ئۆتۆماتیکی ئاماژە بۆ مێشک دەنێرن، بەمەش دەستگەیشتن بە زانیارییەکان و لێکدانەوو هەڵاوێرکردنیان و پشکنینی زانیارییەکان هەڵگرتنیان لە ئاوەزی تاکدا و یارمەتیدانیان لە تێگەیشتن، بەچەند قۆناغێکدا تێدەپەڕێت، لەوانە، بۆزانیاری زیاتر بڕوانە (( بختیاری منش،١٣٩٥: ٢٣)، (سرمدی و همکاران، ١٣٩٩: ٣٦)، (باخان سەرحەد عەبدولڕەحمان ،٢٠٢٣: ٤-٥)).

١-١/١)هەستکردن:

ئەم قۆناغە سەرەتا و دەستپێکە بۆ هەر جۆرە چالاکییەکی هەستی و گواستنەوەی ورژێنەر، کە لە هەستکردنی تاک بە ورورژێنەرە دەرەکییەکانی دەوروبەر دەستپێدەکات، وەک ڕووناکی، گەرمایی، دەنگ و ...تاد. کە تێیدا هەستەکان هەڵدەستن بە پێواژۆی وەرگرتنی وروژێنەرەکان لە ڕێگەی ئەندامە هەستیارەکانەوە، کە لە ڕێگەی ئەندامە هەستییەکان و کۆئەندامی دەمارەخانەوە بە ئەنجامدەگەیەنرێت. بە جۆرێک ئەندامە هەستییە جیاوازەکان زانیاری جیاواز پێشکەشدەکەن، واتە هەستکردن بە وەرگرتنی زانیارییە هەستییەکان لە ڕێگەی ئەندامەهەستییەکانەوە(چاو، گوێ، لووت، زمان، پێست)، ئەم ئەندامە هەستییانە پاڵنەرە دەرەکییەکان دیاریدەکان و ئاماژەکانی بۆ مێشک دەگوازنەوە.

٢-١/١)پەیپێبردنی هەستی :

لەم قۆناغەدا پاش ئەوەی زانیارییەکان لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە وەردەگیرێن و هەڵاوێر دەکرێت و شیکردنەوەیان بۆ دەکرێت، لەم قۆناغەدا زانیارییە سەرەتاییەکان بەپێی تایبەتمەندییەکانیان لە ئاوەزدا هەڵدەگیرێن و دەستەبەندی دەکرێن. واتە مێشک زانیارییەکان پرۆسێس دەکات و شیکاریاندەکات، ئەمەش ناوچە جیاوازەکانی مێشک و ڕێڕەوی دەماری دەگرێتەوە، کە بەرپرسن لە شێوازە هەستیارە تایبەتەکان، بۆ نموونە زانیارییە بینراوەکان بە ئەندامی بینین جێبەجێدەکرێت، هەروەها زانیاری بیستن بە ئەندامی بیستن و زانیاری دەستلیدان بە ئەندامی دەستلیدان جێبەجێدەکرێن.(rashmithakjn4,2024;6)

٣-١/١)پەیپێبردنی ئاوەزی:

لە قۆناغی کۆتایی پەیپێبردنی ئاوەزیدا، پشکنینی ئاوەزی بۆ زانیاریی وەرگیراو لە ئەندامە هەستییەکانەوە بە ئەنجامدەگەیەنرێت، کە هەڵسەنگاندن و ئاکامگیری و فۆڕمگیری پشتڕاستکردنەوە ئاوەزییەکان لە خۆدەگرێت، لەم قۆناغەدا سێ فاکتەری ( فیزیکی ، کلتوری ، کەسی)، کە لە ئاوەزی تاک بونیان هەیە و بە کارلێککردنیان لەگەڵ پەیپێبردنە هەستییەکان پەیپێبردنی ئاوەزی دەهێننەکایەوە، فاکتەری فیزیکی خاڵی دەستپیکە بۆ پەیپێبردنی ئاوەزی و ناسینەوەی فاکتەرە کەسی (ئاستی خوێندەواری، تەمەن ، ڕەگەز، پیشە، ئارەزوو...تاد)، فاکتەرە کلتورییەکان (نەتەوە ، ئابوری ، سیاسەت، مەزهەب، پێگەی کۆمەڵایەتی ...تاد). کاریگەریی گرنگی لەسەر واتا بەخشین بە زانیارییە وەرگیراوەکان هەیە، لە کردەی پەیوەندیکردندا ڕۆڵیان لە پێواژۆی پەیپێبردندا دەردەکەوێت، بە ئاسانی دەتوانرێت فاکتەری کەسی و کۆمەڵایەتییەکان پەیپێببرێت. هەرسێ قۆناغەکە فاکتەرن لە واتادارکردنی دەوروبەر بۆ تاک ، کە دواتر ڕەفتاری لێدەکەوێتەوە. (سرمدی و همکاران، ١٣٩٩: ٣٦)

- لە هەندێک لە سەرچاوە ئینگلیزییەکاندا سێ قۆناغی دیکەی پەیپێبردنیان دەستنیشانکردووە، لەوانە:

ا-هەڵبژاردن (Selection ):

هەڵبژاردن بە قۆناغی یەکەمی پێواژۆی پەیپێبردن دەستنیشانکراوە، لەم قۆناغە(هەنگاوە)دا پاڵنەری ژینگەیی بۆ ئەزموونی مانادار دەگۆڕێت، لە ژیانی ڕۆژانەدا زانیاریی جۆراوجۆر وەردەگرین، دەگەنە ئەندامە هەستیارەکانمان، بەڵام تەواوی ئەو زانیارانەی دەگەنە هەستەکانمان ناگەنە قۆناغی پەیپێردن، چونک لە قۆناغی هەستکردن، کە ورژێنەرەکان لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە بۆ پەیرەوی دەماری دەگوازرێنەوە، ئەو ورژێنەرانە گۆڕانیان بەسەردا دێت و پەی بە هەموویان نابرێت، تاک ئەو زانیاری و ورژێنەرانە هەڵاوێردەکات و هەوڵدەدات زانیارییان لە بارەوە چنگبخات، کە پێداویستییە زەرورییەکانی بەجێدەهێنیت، واتە ئێمە تەنها بەشێک لەو زانیارییانە لە ژینگەوە لە ڕێگەی پێواژۆیەکی هەڵبژێردراو هەستپێدەکەین، هەروەک جۆن singer ئاماژەی پێدەکات" ئێمە هەموو شتێک لە جیهاندا ئەزموون دەکەین، نەک وەک خۆی بەڵکو تەنها کاتێک جیهان لە ڕێگەی وەرگرە هەستییەکانمانەوە دەگەنە تاک (singer, 1987: 9)"، هەربۆیە مرۆڤ بە زۆری ئەوە دەبینیت کە ئارەزوودەکات ببینێت، گوێ لەوە دەگرێت کە ئارەزوودەکات گوێی لێبگرێت، ئەمەش وادەکات مرۆڤەکان لە تێڕوانینیان بۆ شتەکان جیاوازبن، چونکە لە ڕووی پەیپێبردنەوە جیاوازن، بە نموونە سیاسییەک یا حیزبێک یەکێک کارەکانی بە باشی هەڵدەسەنگێنێت، بەڵام یەکێکی تر بۆ خراپی! بەم پێیە ڕەفتارمان لەم جیهانەی تێیدا دەژێین ئەوەی دەیگوزەرێنین لێکدانەوەی بینین و تێڕوانینمانە، وەک ڕەنگدانەوەی پەیپێبردنمانە زۆرێک لە توێژەران گرنگییەکەی زۆریان بەم قۆناغەی (هەڵبژاردنی تێگەیشتن)داوە، بۆ نموونە Bruner پێیوایە" ئەوەی لە بەرژەوەندی مرۆڤدایە خۆی بە دوور بگرێت لە زانیاری زۆر و پەرش و بڵاو و ناپێویست، هەر بۆیە باشترە سەرەنجەکانی چڕ و سنوردار بکات بەو زانیارییانەی ، کە گرنگ و بەسودن (Bruner,1958: 85)"، هەروەها watts ئاماژە بەوەدەکات" پەیپێبردن بریتییە لە هەڵبژاردنی ئەو بابەتانەی کە گرنگتر و جێی سەرنجترن لەوانی تر، لەهەمان کاتدا پشتگوێ خستنی زانیارییە ناپێویستەکان، هەربۆیە سەرنجدا هەوڵدانە بۆگەیشتن بە نەزانراوەکان، ئەمە وادەکات زانینی ڕاستییەکان وێنەیەکی ڕوونمان پێدەدات، لە هەڵبژاردنی ئەوەی کە لەڕێگەی هەستەکانەوە (بینین، تام، دەستلێدان) بەدەستیدەهێنین (watts,1966: 29)"، هەر بۆیە پەیپێبردنی تاکەکان بۆ ورژێنەرەکان دەکرێت بە پێی بارودۆخە جیاوازەکان بگۆڕدرێت، لە قۆناغی هەڵبژاردندا بەجۆرێک کە زانیارییە ناپێویستەکان یان ناگرنگەکان دەسڕێنەوە یان گشتگیر دەبن. هەرچەندە بە زانیاری زۆر دەورە دراوین، بەڵام ئێمە تەنها گرنگی بەو زانیاری و ورژێنەرانە دەدەین، کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی پەیپێبردنەوە ئاشنان، یان حەزمان لێیە، بەم شێوەیە بوونی حەزی تێگەیشتن، کە ئەگەری هەیە ببێتە هۆی لێکتێگەیشتن لە پەیوەندیکردندا، هەروەک Chen and Starostدەڵێن: "هەوڵنەدا بۆ تێگەیشتن سەرچاوەی هەڵەتێگەیشتنی مرۆڤە، کە لە کاتی کارلێکردن

لەگەڵ کلتورە جیاوازەکاندا ڕوودەدات، پەیپێبردنی تاک بۆ دیاردە و ڕووداوو شتەکان جۆراوجۆرە، بۆیە واتادا بە دەربڕاوەکانیش جیاوازە.(chen and starost,2007: 34), "واتە کاتێک مرۆڤ بەرکەوتنی لەگەڵ ڕووداو یان دیاردەیەکدا دەبێت، گەر ویستی تێگەیشتنی نەبێت لە ورووداو دیاردەیە دەکرێت هەڵە لێکدانەوە بۆ بابەتانە بکرێت، زمانیش بەهەمان شێوەی دیاردەکانی تری ژیان، گەر سەرنج لە واتای دەربڕاوێک بە پێی دەوروبەری وتنەکە نەدەین، دەکرێت توشی هەڵە لێکدانەوە و هەڵەتیگەیشتن ببین.

ب-ڕێکخستن(Organization) :

قۆناغی دووەم لە پێواژۆی پەیپێبردن بریتییە لە ڕێکخستن. دوای هەڵبژاردنی زانیاری لە جیهانی دەرەوە، پێویستە بە جۆرێک لە جۆرەکان بە دۆزینەوەی هەندێک ڕێگە مانادار ڕێکیبخەین، ئەم قۆناغە بە دانانی شتەکان و زانیارییەکان لە پۆلەکانیاندا بە دیدێت، هەربۆیەش لەلایەن هەندێک لە توێژەرانەوە پێی دەوترێت (پۆلێنکردن)، لەم قۆناغەی تێگەیشتندا، ئەو ڕووداوە کۆمەڵایەتی و فیزیکیانەی ڕووبەڕوومان دەبنەوە، شێوە و قەبارە و پێکهاتەیان دەبێت، ڕێکخستن یارمەتیمان دەدات" ئێمە پێکهاتەیەک دروستبکەین و جۆرێک لە یەکگرتوویی بە زانیارییە گشتییەکانمان بدەین، سەبارەت بە مرۆڤ و جیهانی کۆمەڵایەتی، وەک (شێوازە تایبەتەکانی ڕەفتاری مرۆڤ، مەودای ئەو گۆڕانکاریە ئەگەرییەی کە لە نێوان جۆرەکانی مرۆڤ و کردار و سیفاتە تایبەتمەندەکانیاندا هەیە :cantor et al, 1982) ." (34، پەیپێبردن لەم قۆناغەدا سود لە دوو تایبەتمەندی وەردەگرێت:

یەکەم: پێواژۆی ڕێکخستن، پێکهاتەی تێگەیشتن بە مرۆڤ دەبەخشێت، ئێمە هەمیشە ورژێنەری خاو لە جیهانی دەرەوە دەخەینە ناو ئەزموونی مانادار و پێکهاتەدارەوە.

دووەم: پێواژۆکە ئەوە دەردەخات، کە پەیپێبردنی مرۆڤ سەقامگیرە، واتە دوای ئەوەی ورژێنەرەکان هەڵدەبژێرین و دەیانخەینە ناو پۆلەکانیانەوە، ورژێنەرە هەڵبژێردراوەکان بەهێز دەبن.((cantor et al, 1982: 34

پ-لێکدانەوە(interpretation) :

ئەم قۆناغە، قۆناغی سێیەمی پەیپێبردنە، بریتییە لە بەستنەوەی واتا بە پاڵنەرەکانەوە، کە خودی پاڵنەرەکان کاریگەرییان لە سەر واتا پێدان هەیە ، مێشک بەپشت بەستن بە زانیاری و ئەزموون و چاوەڕوانییەکانی پێشوەختە لێکدانەوەی بۆ دەکات، ئەم لێکدانەوەیە دەتوانێت چۆنیەتیی هەستکردن و تێگەیشتن لە دەوروبەری تاکەکان لەقاڵب بدات (rashmithakjn4,2024;2) ، بۆ نموونە ئەزموونی ڕابردوو تاکەکان کاریگەری لەسەرلێکدانەوەی دەربڕینی دەموچاو وەک نیشانەی (دڵخۆشی یان دڵتەنگی و ڕقلێبوون) هەیە، هەر بۆیە دەکرێت کەسانی جیاواز لێکدانەوەی جیاواز بۆ هەمان دیاردە بکەن، بۆ نموونە هاتنی مامۆستا بۆ پۆل دەکرێت لای ئەوخوێندکارانەی زیرەکن و خۆیان بۆ وانەکان ئامادەکردووە مانای خۆشحاڵی بگەیەنێت، بەڵام هاتنی هەمان مامۆستا دەشێت بۆ خوێندکارانی ئاست لاواز وکەمتەرخەم مانای ترس و نائاسودەیی بگەیەنێت، یاخود گەیشتنی پۆلیسێک دەکریت لای ستەملیکراوێک دەلالەتی ئاسودەیی و دڵنیایی و ئارامکەرەوە و فریاگوزاری بگەیەنێت، بەڵام تاوانبارەکە بە دڵنیاییەوە دەترسێت و توشی نائارامی دەبێت. یان لای هەندێک لە نەتەوەکان باوەش پێداکردن و ماچکردن بە واتای سڵاوکردن بەکاردێت "سڵاوکردن"، لە کاتێکدا دەشێت لای نەتەوەیەکی تر، کە خاوەن کلتورێکی جیاوازە واتای " خۆشەویستی" بگەیەنێت، ئەم لیکدانەوە و واتا پێدانە پەیوەستە بە کلتوری جیاوازی نەتەوەکانەوە، هەر بۆیە ئەوە نەتەوانەشی، کە کلتوریان لەیەکەوە نزیکە دەکرێت لە لێکدانەوە و واتا پێدان بە دەربڕاوێک، یان دیاردەیەک هاوبەش بن، هەر بۆیە دەوتریت کلتور " چاویلکەی هەستپێکردنەکانمانە"، کە ئەمەش کاریگەرییەکی زۆری لەسەر چۆنیەتی لیکدانەوە و هەڵسەنگاندنی ئەو شتانەی، کە لە جیهانی دەرەوە وەردەگرین هەیە، لەکاتی ڕوبەڕوبونەوەی ڕووداوێکی فیزیکیدا لەسەر لایەنە بابەتییەکان هاوڕان، بەڵام لە لێکدانەوەی لایەنە تیۆرییەکاندا، بە پێی ئەزموونی پێشوی تاکێک و پاشخانی کلتوری دەگۆڕێت و لێدانەوەی

جیاواز هەڵدەگرێت. واتە ئەزموون و پاشخانی جیاواز دەبێتە هۆی ئەوەی مرۆڤەکان مانای جیاواز بە هەمان پاڵنەر بدەن، بۆیە هەمەجۆری پەیپێبردن دەردەکەوێت. لە کردەی واتا پێدان بە دەربڕاودا دیاردەیەک هەیە ئەو کەسانەی کلتوریان لەیەکەوە نزیکە، گەنجینەی هاوشێوەی ئەزمون و زانیاری پیشینەیان نزیکە، دەشێت هەمان تێگەیشتن و لیکدانەوان بۆ هەمان پاڵنەر هەبێت. ئەم لێکدانەوە و تێگەیشتنە هاوشێوە و لێک نزیکە وا دەکات کردەی پەیوەندیکردن ئاسان بێت. لەبەرانبەردا ئەوکەسانە (پەیوەندییکەران)، کە کلتوریان لەیەکەوە دور، یان جیاوازی زۆرە ، ئەوا لێکدانەوە و تێگەیشتنی جیاوازیان بۆ هەمان پاڵنەر دەبێت. لە ئەنجامدا تێگەیشتنی جیاواز و کێشە لە پەیوەندییکردن سەرهەڵدەدات، هەر بۆیە هەردوو زمانەوان (ڤارنەر و بیمەر،٢٠٠٦: ٢٩) پێیانوایە"کاتێک ئەزموونی هاوبەشمان نییە، دەکرێت مانای جیاوازمان بۆ هەمان دیاردە هەبێت ."

٢/١)جۆرەکانی پەیپێبردن:

پەیپێبردن وەک بابەتێکی گرنگ سەرنجی شارەزایانی ڕاکێشاوە، هەربۆیە لەئەنجامی لیکۆڵینەوەکان چەندین جۆری دەستنیشانکراون.((kenkr Cherry, MSEd,2024:2 :

١-٢/١) پەیپێبردنی هەستیاری:

ئەم جۆرەی پەیپێبردن بەرپرسە لێکدانەوە ئەوزانیارییانەی لە ڕێگەی هەستەوەرەکانی (بینین ، بیستن، دەستلێدان، تامکردن، بۆنکردن)، بۆ پێڕەوی پەیپێبردنمان دەگوازرێتەوە و دەبێتە بنەمایەک بۆ تێگەیشتن و لە لێکدانەوەی مەبەستەکاندا یارمەتیمان دەدات. پەیپێبردن ڕێگایەکە تێیدا ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی هەستەکانەوە وەردەگیرێن، شیدەکرێنەوە و لێکدەدرێنەوە، هەر بۆیە زۆرجار لەسەر بنەمای هەستە جۆراوجۆرەکانەوە جۆرە جیاوازەکانی پەیپێبردن دیاریدەکرێت، کە بریتین لە پەیپێبردنی دەنگی ، پەیپێبردنی بینین ، پەیپێبردنی تام ، پەیپێبردنی بۆن ، پەیپێبردنی بەرکەوتن .

٢-٢/١)پەیپێبردنی زانینی:

بەرپرسیارە لە پۆسێسکردن و لێکدانەوەی زانیارییە هەستییەکان بۆ دروستکردنی مانا، واتە ئەوزانیارییانەی لە ڕێگەی هەستەوەرەکانەوە وەریدەگرین یارمەتیمان دەدات لە تێگەیشتن لە دەوروبەرە، هەربۆیە پەیپێبردنی ئەبستیمی بریتی دەبێت لەو پرۆسەیەی کە مرۆڤ بەشێوەیەکی چالاک زانیارییە هەستییەکان ( ئەو زانیارییانەی لە ڕێگەی هەستەکانەوە وەیدەگرین) ڕیکیدەخەین و لێکدانەوەی بۆ دەکەین بۆ ئەوەی ژینگەی دەوروبەر و ئەزموونەکانمان واتادارین، واتە وەرگرتنی پاڵنەرەکان لە ڕێگەی هەستەکانەوە( بینین، بیستن، تامکردن، بۆنکردن، دەستلێدان)، لەگەڵ ئەو زانیارییەنەی کە تاک پێشتر هەیانبووە، کۆزانیارییان دەوڵەمەند دەکەن ئەمەش هاوکار دەبێت لە پەیپێبردن بە واتا و مەبەستی دەربڕاوەکان، پەیپێبردنی ئەبستیمی لێکۆڵینەوە لەوە دەکات چۆن زانیارییە هەستییەکانمان لەگەڵ زانیارییەکانی پێشووماندا یەکدەگرن و تێکەڵ بەیەکدەکرێن بۆ بنیاتنانی تێگەیشتنێکی واتادار و دروست لە ژینگەی دەوروبەرمان .(Nes,etal...,2021: 2-4( Anders

بۆنموونە، ئێمە زانیاریمان دەربارەی ئاو لە ڕێگەی ئەزموونکردنەوە پەیداکردوە، کە لە ڕێگەی هەرپێنج هەستەکەوە دەتوانین دروستی( ڕەنگ و تام و بۆن و نەرمێتی، تەنانەت زانیاریی دەربارەی تەڕیی ماددەکە )بسەلمێنین.

٣-٢/١) پەیپێبردنی کۆمەڵایەتی:

لێکدانەوەی ئاماژە کۆمەڵایەتییەکان (تەمەن، ڕەگەز، پیشە، ئاین، پێگەی کۆمەڵایەتی، ...تاد)، دەربڕینی دەموچاو و زمانی جەستە(لێو قوچان ، چاوتروکان ، دەستڕاوەشاندن...تاد)، (Kendra Cherry, MSEd,2024;2 )، واتە هۆکارە کۆمەڵایەتییەکان بە پێی سنورو تایبەتمەندی خۆیان کاردەکەنە سەر ڕەفتاری زمانی و پەیپیبردن بە واتای دەربڕاوەکان، هەر یەکە لە ڕەهەندە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵ لە پەیپیبردنی دەربڕاوەکاندا دەبینن، بۆ نموونە توخم وەک پیکهاتەیەکی کۆمەڵایەتی لە ڕوانگەی هەردووڕەگەزی(نێر و مێ ) دەتوانن لە دەربڕینی دەربڕاوکاندا جیاواز بن، بەمەش پەیپێبردن و لیکدانەوەیان بۆ واتا و مەبەستەکان جیاواز دەبێت، لەبەر ئەوەی ژن لە پەیوەندیی کۆمەڵایەتیدا بەهێزتر وەک لە پیاوان بۆیە ئەم بە هێزییە لە بەکارهینانی زمان چ لەڕووی زۆری دەربڕین، یان پەنابردنە بەر بەکار هێنانی ئەو دەستەواژە و دەربڕاوانەی هەڵگری واتای تاڕادەیەک شاراوەتر و تەنانەت ڕێزدارتر و کەمتر بریندارکەرترن، جیاوازن، ئەم جیاوازییەش وا دەکات لێکدانەوەکانیش جیاواز بن،(ئالان ئەورحمان ، ٢٠١٥: ٢٦) هەر بۆیە دەکرێت دەربڕینی ئافرەت فرەلێکدانەوەی هەبێت، لە گفتوکۆی نێوان دوو ئافرەتدا دەکرێت، بەدەر لە کردەی هەواڵ پرسین ، جۆرێک لە (گلەیی/ ڕەخنە) لە فۆڕمێکدا بگەیەنرێت، با لەم ڕستانە بڕوانین:

٢.ا بۆدیارنین؟

٢.ب دەنگتان نییە؟

٢.پ سەرێکتان نەدا؟

٢.ت دیار نەبون؟

بە وردبوونەوە لەم نموونانە پەیی بەوەدەبرێت، کە هەر ڕستەیەک هەڵگری چەشنێک لە گلەیی، توانجدان، ڕەخنە...تاد بێت .

هاوکات پیشەش وەک پێکهاتەیەکی تری کۆمەڵایەتی بەهۆی جیاوازی سروشتی پیشەکەیان و پێویست بوون بە بەکاربردنی هەندێک دەستەواژەو دەربڕاو جیاوازی زمانییان هەیە، تەنانەت واتا پێدانیان بە دەربڕاوەکان جیاوازە، بۆ ئەم مەبەستە لە ڕستەی(٣) ورد دەبینەوە:

٣ .وەرە ئاڵتونت بدەمێ

لای میوەفرۆشێک ئەم دەربڕاوە بەواتای جوانی و باشی میوەکە بەکارهاتووە، بەڵام دەستەواژەی ئاڵتوون لای ئاڵتونچییەک بەواتای جۆرێک لە خشڵ بەکاردەهێنرێت.

تەمەنیش بەپێی قۆناغە جیاوازەکان کاریگەریی لەسەر جیاوازی زمان و واتا و مەبەستیش هەیە، تەنانەت شێوازی قسەکردنی هەریەک لە قۆناغەکانی تەمەن (منداڵی، مێردمنداڵی، هەرزەکاری، گەنجی، کامڵبوون تا پیری)، بە ئاشکرا هەستی پێدەکرێت و بە ئاسانی دەتوانرێت لە لایەن گوێگرانەوە سنوری تەمەنیان دیاریبکرێت، هەر بۆیە دەکرێت توانای دەربڕین و لێکدانەوەی دەربڕاو و دەستەواژەکان لەکەسێکی بەتەمەنەوە بۆکەسێکی گەنج جیاواز بێت، دەکرێت کەسێکی بەتەمەن بە هۆکاری (نەخوێندەواریی ، نەشارەزایی،ڕانەهاتنی سندوقی ئاخاوتنی ) وشە قورس و نوێباوەکان بەهەڵە بەکاربهێنێت، بۆ نموونە وشەکانی ڕیکلام بە (ڕیکماڵ )، داعش (داعاش / دەعاش)، دلیڤەری( دلی دلی )، ئایپاد (ئایپاک ) دەردەبڕن، هەروەها گەنجەکانیش لە لێکدانەوەی پەندی پێشینان‌دا تاڕادەیەک لاوازن ، چونکە پەندی پێشینان وەک میراتێکی فۆلکلۆری مێژووی کۆنە و تەنانەت هەندێکیان ،کە وابەستەی جۆریک لە کەرەستەن و لە ئێستادا بەکارهێنایان نەماوە، ناتوانریت بە ئاسانی پەی بەواتاکانیان ببرێت،ئەم هۆکارانە وادەکەن جیاوازی، یان بۆشایی زمانی لە نێوان مەودای تەمەنەکاندا بەدیبکریت، بۆنموونە کەبە تەمەنێک دەڵێت : (دارەکە لە دارەکە،

ئاسنەکە لە دارەکە ، بەنەکە، هەوسارەکە) ئەم بەرهەمە فۆلکلۆرییە لەلای گەنجێک نامۆیە و لە مەبەستەکەی تێناگات. چونکە ناوەکە کەرەستەیەکە کە لەکۆندا بۆ دابینکردنی پێداویستی ڕستن و چنین بەکارهێنراوە.

٣/١ )هۆکارە کاریگەرەکانی سەر پەیپێبردن:

ئەوەی تێگەیشتن تاڕادەیەک ئاڵۆزدەکات، ئەوەیە کە هەستکردنی مرۆڤەکان بۆ شتەکان وەک یەک نین، تێڕوانینەکانمان بۆ شتەکان بەهۆی ئەزموونەکانی پێشومانەوەیە، بەرژەوەندەی و ئارەزووەکانمان وادەکات چەندە زانیارییەکان بە وردی پرۆسێس دەکەین، ئەمەش وادەکات کە هەمان کەس یاخود دۆخەکە بەشێوەیەکی جیاواز لە کەسێکی تر پەیپێببات. واتە مرۆڤ لەژێر کاریگەریی هەریەک لەم هۆکارانە دەتوانێت پێواژۆی پەیپێبردنەکەی فەراهەمبکات. بۆزانیاری زیاتر بڕوانە( ( McGraw-Hill, 2000, 27–29).

١-٣/١ )سەرنج:

پەیوەندیی نێوان سەرنج و تێگەیشتن بۆ چەندین سەدە بابەتێکی لێکۆڵینەوەی فەلسەفی بووە. فەیلەسوفەکان لە مێژە ئارەزووی ئەوە دەکەن، کە تێبگەن چۆن سەرنج پەیپێبردنەکانمان بۆ جیهان لە قاڵب دەدات و چۆن ئەزموونە هەستکردنەکانمان لە ژێر کاریگەریی سەرنجدانماندان. یەکێک لە گرنگترین هەوڵەکان لەبارەی پەیوەندیی نێوان سەرنج و پەیپێبردن هەوڵەکانی (فەیلەسوفە یۆنانییە کۆنەکان، بەتایبەتی ئەرستو، بەجۆرێک ئەرستۆ پێیوایە " کە سەرنجدان زۆر پێویستە بۆ ئەوەی پەیپێبردن ڕووبدات(Saurabh Kumar,135: 2023 )"، چونکە ڕێگەمان پێدەدات بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو سەرنج بخەینە سەر هەندێک لایەنی ژینگە لە هەمان کاتدا چاوپۆشی لە لایەنەکانی دیکە بکەین. بە لای ئەرستۆوە، تێگەیشتن بریتییە لە کارلێکی نێوان ئەندامە هەستیارەکان و دەروون و سەرنجدان ڕۆڵێکی گرنگ لە نێوەندگیریکردنی ئەم کارلێکەدا دەگێڕێت. لە سەرنجداندا چەند بنەمایەک هەیە، کە کردەی پەیپێبردن خێراتر وکاریگەرتر دەکەن، لەوانە: لە گشتەوە چوونە بەش، چونکە سەرەتا تاک بە گشتی درک بە شتەکان دەکات,جیاوازیی شت و ڕووداوەکان لە ڕوانگەی ڕەنگ، قەبارە، خێرایی و ...تاد. هەروەها لە سەردەمی مۆدێرندا فەیلەسوف ئیمانوێل کانت جەختی لە گرنگیی سەرنجدان لە داڕشتنی ئەزموونە هەستکردنەکانماندا کردەوە. کانت پێیوایە تێگەیشتن پێواژۆیەکی ناچالاک نییە، بەڵکو چالاکە، کە تێیدا ئاوەز بە شێوەیەکی چالاک ئەزموونە هەستکردنەکانمان لەسەر بنەمای ئەو زانیارییانەی کە هەستەکان پێشکەشی دەکەن، بنیاتدەنێت. بە بڕوای کانت: سەرنجدان ڕۆڵێکی سەرەکی لەم پێواژۆیەدا دەگێڕێت ، بەو پێیەی سەرنجی دەروون ئاراستەی لایەنە تایبەتەکانی ژینگە دەکات، ئەمەش ڕێگەمان پێدەدات ئەزموونی هەستکردن بە مانادار پێکبهێنن، هەوڵێکی دیکە لە بارەی کاریگەریی سەرنج لەسەر تێگەیشتن لە نەریتی دیاردەناسییەوە سەرچاوە دەگرێت (دیاردەناسی ڕێبازێکی فەلسەفییە کە جەخت لەسەر لێکۆڵینەوە لە ئەزموونی بابەتیی و هۆشیاری دەکاتەوە). دیاردەناسەکان باسیان لەوە کردووە ،کە سەرنجدان لایەنێکی بنەڕەتی تێگەیشتنە، بەو پێیەی شێوازی ئەزموونکردنی جیهان لە قاڵبدەدات. بۆ نموونە فەیلەسوف مۆریس مێرلۆ-پۆنتی ئاماژەی بەوەداوە، کە هەستکردن پێواژۆیەکی تەنیا بینراو، یان هەستیاری نییە، بەڵکو پێواژۆیەکی بەرجەستەکراوە، کە تێیدا جوڵە و کردارەکانی جەستەمان ڕۆڵێکی گرنگ لە داڕشتنی ئەزموونە هەستکردنەکانماندا دەگێڕن. مێرلۆ-پۆنتی جەختی لەسەر گرنگیی سەرنجدان لەم پێواژۆیەدا کردەوە و ئاماژەی بەوەدا کە سەرنجدان ڕێگەمان پێدەدات سەرنجمان لەسەر هەندێک لایەنی جووڵە و هەستەکانی جەستەمان بێت، ئەمەش ئەزموونە هەستکردنەکانمان لە پێواژۆکەدا لە قاڵبدەدات .(Chun, M. M, 2017; 41-46) هەردوو چەمکی تێگەیشتن و سەرنجدان پێکهاتەی سەرەکیی پێواژۆی کۆزانیاری مرۆڤن و پێکەوە بۆ ئاسانکاری ڕەفتار و بڕیاردانی کاریگەر کاردەکەن. هەر بۆیە سەرنجدان پێواژۆیەکی کۆزانینیی چارەنووسسازە، ڕێگەمان پێدەدات بە شێوەیەکی هەڵبژێردراو

سەرنجمان لەسەر هەندێک لایەنی ژینگەکە بێت و لە هەمان کاتدا لایەنەکانی دیکە پشتگوێ بخەین. ڕۆڵێکی بنەڕەتی لە دارشتنی تێڕوانینمان بۆ جیهان دەگێڕێت. گرنگیدان بە پاڵنەرە تایبەتەکان، واتە ئەو هۆکارانەی کە وا لەتاک دەکەن سەرنج بخەنە سەر دەربڕینەکان و لە ئەنجامدا پەیبە مەبەست و واتا دەبەن، ئایا قسەکەر مەبەستی بە دەخستنی زانیارییە، بۆ نموونە فێرخوازان دەتوانن سەرنج بخەنەسەر وانەیەک بە مەبەستی فێربوون و وەرگرتنی زانیاری، وەک لە تاقیگەیەکی کیمادا فێرخوازان پێویستە سەرنج بخەنە سەر ڕێژەی تێکەڵکردنی پێکهاتە کیمیاییەکان.

۱/۳-۲)چاوەڕوانی:

لێرەدا پەیپێبردن دەکەوێتە ژێر کاریگەریی شارەزایی دەربارەی وروژێنەرەکە یا کارتێکەرەکە، کە چۆن کاریگەری دەخاتە سەر پەیپێبردنی تاکەکان،چاوەڕوانییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو لە پەیپێبردنەکانماندا دەگێڕن، بە جۆرێک مێشکمان ئامێری پێشبینیکردنە، بەردەوام پێشبینی ئەوە دەکەین، کە ڕەنگە لەداهاتودا چی ڕووبدات، بە پشتبەستن بە ئەزموونەکانی ڕابردو و ئاماژەکانی ئێستا، واتە چاوەڕوانی چوارچێوەیەک دروستدەکات، وا دەکات ئێمە زانیاریی نوێیەکان لێکبدەینەوە، هەر بۆیە ئەم چاوەڕانییە یارمەتیدەری خێرا پرۆسێسکردنە، لەگەڵ زانیاری پێشوەختەکان، واتە تاک لە ئەنجامی ئەوزانیارییانەی پێشتر وەریگرتوە، دەتوانێت لێکدانەوە بۆ دەربڕاوەکان بکات. هەر بۆیە بنەمای تێگەیشتن لە دەربڕاوێک بە زانیاریی پێشینەوە بەندە، ئەو زانیاریانەش دەکرێت لە ڕێگەی هەستەکان یان ئەزموونەوە بەدەستهاتنبن .((NeuroLaunch editorial team,2024; 2-3 بۆ نموونە بە هۆکاری ئەزموونی پێشوومان لەکاتی دواکەوتنی موچەی مانگرتن ڕوودەدات، بەڵام بە پێدانی یەک مووچە مانگرتنی فەرمانبەران کۆتایی دێت، واتە شارەزای کارتێکەرەکە بووین، ئەمەش وادەکات پەیپێبردنمان بۆ کاردانەوەکان هەبێت .

۱/۳-۳) دەوروبەر :

هەموو ئەو فاکتەرە ژینگەیی و کلتورییانەی، کە کاریگەرییان هەیە لە پەیپێردن بە واتا و تێگەیشتن لە دەوروبەر دەگرێتەوە، پەیپێبردن پەیوەستە بە دەوروبەرەوە ، واتە جۆرەکانی دەوروبەر (زمانی ، نازمانی) دەبنە بنەمای پەیپێبردن و تێگەیشتنەکانمان، کەواتە پەیپێبردنە کلتورییەکان ئاماژەن بۆ ئەوەی تاکەکان لە پاشخانە کلتورییە جیاوازەکانەوە چۆن لە جیهان و دەوروبەر دەڕوانن و لێکیدەدەنەوە و تێیدەگەن ، کە بەهۆی نەریت و بیر و باوەڕ و بەها کۆمەڵایەتییەکانەوە لە قاڵبدراون، ئەم پەیپێبردنە کاریگەریی لەسەر شێوازەکانی پەیوەندیکردن، ڕەفتار و کارلێکەکان هەیە. بەتایبەتی دەوروبەری کلتوری، کە ئاماژەیە بۆ ئەو بیروباوەڕ و بەها و داب و نەریتە و پراکتیزە کۆمەڵایەتییانەی کە شێوازی بیرکردنەوە و هەڵسوکەوت و پەیوەندیکردنی مرۆڤەکان لەناو کۆمەڵێک، یان گروپێکی دیاریکراودا لە قاڵبدەدەن. یارمەتی خوێنەران دەدات لەوە تێبگەن کە چۆن هۆکارە کلتورییەکان کاریگەرییان لەسەر هەیە Deepak ( Saxena, 2021; 16)، بەمپێیە زەمینەی کلتوری ڕۆڵێکی بەرچاو لە داڕشتنی ناسنامەکانمان و چۆنێتیی هەستکردنمان بە ئەوانی دیکە دەگێڕێت. هەروەها کاریگەریی لەسەر پەیپێبردن و بەهاکانمان و چۆنێتی بنیاتنانی هەستی خۆمان و کۆمەڵگامان هەیە.((Discourse Analyzer,2024:1 .

۱/۳-٤) هەستەکان :

یەکێک لەو هۆکارانەی ڕاستەوخۆ کاریگەریی لەسەر پێواژۆی پەیپێبردنی مرۆڤ هەیە، بریتییە لە هەستەکان بە جۆرێک گەر هەرگرفت وکێشەیەک لە ئەندامە هەستییەکانی مرۆڤدا هەبێت، ئەوا گرفت بۆ پێواژۆی پەیپیبردن دروستدەبێت، هەستەکانی مرۆڤ بە ئاوەزەوە پەیوەستن ، واتە هەستەکان بە تەنها کارەکانی خۆیان پێناکرێت، گەر ئاوەزێکی ئاسایی لە پشتیانەوە نەبێت، یان گەر پەیوەندی بە دنیای دەرەوە نەکەن، هەستەکان لە مرۆڤدا لە ناوەو و دەرەوەدا هەن، بۆ ئەوەی پەیوەندی بکەن پێویستیان بە هەستەوەرە، هەستەوەریش وادەکات هەستەکان بخاتەکار

و له نێوان هەستەکان و شتەکانی دەرەوەداگەیەنەر بێت (بێستون ئەبوبکر، ٢٠٢٥: ٦١٣). واتە هەستەکانی مرۆڤ و باری سۆزداری و ئەزموونەکانی ڕابردوو، لە پرۆسەی پەیپێبردندا کاریگەرە .

٥-٣/١) فێربوون:

فێربوون چالاکییەکی خودییە و تاک بۆ ئەوەی خۆی لەگەڵ ژینگەدا بگونجێنێت بە ئانجامی دەگەیەنێت، لەبەر ئەوە فێربوون وەک پێواژۆیەکی ئاوەزی لە ڕوانگەی شوێنەوارەکەیەوە هەست بە ڕوودان و کاریگەرییەکانی دەکەین، دەبێتەهۆی گۆڕانکاریی یان چاککردنی ڕەفتار(کەریم شەریف قەرەچەتانی، ٢٠١٤، ١٧٦)، تاک لە ڕێگەی کردەی فێربوونەوە، دەتوانێت چەندان زانیاری وەربگرێت، بۆ نموونە وەرگرتنی زانیاری دەربارەی (ڕووبار و دەریاکان)، کە لە ژینگەی کەسی فێربوودا بونیان هەبێت. تاک دەتوانێت زانیاری لەسەر درێژی ڕووبار و ڕەنگ و ڕێژەی سوێری ئاوەکەی فێرببێت، ئەو فێربوونە بنەمای پەیپێبردنێتی. واتە فێربوون دەستەواژەیەکە بۆگۆڕان لە ئەزموون و پێکهاتە هزری و زانینەکان لای تاک، هەر بۆیە فێربوون ئەوگۆڕانە تاڕادەیەک جێگیرانەیە لەسەرجەم ڕەواڵەتە ڕەفتاری و ئاوەزی و هەڵچونی و سۆزی و زمانەوانی و جوڵەییەکانە، کە زادەی کارلێکی تاکە لەگەڵ ژینگەی مادی وکۆمەڵایەتیی( عیماد عبدالکریم زەغول ، ٢٠١٩: ٧١)، بۆ نمونە ئەوکەسانەی، کە لە بەشداریکردن لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکاندا (پرسە، ئاهەنگ ، ناولێنان...تاد) چالاکن، لە ڕوانگەی بەکاربردنی زمانی (هەڵبژاردنی وشە و دەستەواژەکان)، تەنانەت پەیپێبردن بە مەبەستەکانی ئەو دەربڕاوانەی لەم بۆنانەدا بەکاردەبرێت کەسانی زرنگ و وشیارترن بە بەراورد بەو کەسانەی، کە گۆشەگیر وکەمتر چالاکن.

٤/١)کاریگەریی کلتور لەسەر پەیپێبردن:

کلتور وەک هۆکارێک کاریگەری لەسەر تێگەیشتنی جۆراوجۆری مرۆڤ هەیە، هەر جیاوازییە کلتورییەکانیشە وایکردووە پەیپێبرنمان بۆ دەربڕاوکان هەمەجۆر و جیاوازبێت، لەم ڕوانگەیەوە ئاماژە بە کاریگەری کلتور لەسەر خودی پەیپێبردن و جۆرەکانی دەخەینەڕوو. بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە (OU Qiong,2017; 21-23) ((rashmithakjn4,2024,1-13، (Junaid,2025;1-4).

ئاشکرایە بەرکەوتنمان لەگەڵ جیهانی دەرەوە و شتە دەرەکییەکان وەک یەکن، لە کاتێکدا وەڵامەکانمان و لێکدانەوەکانمان بۆ دەوروبەر و شتەکانی دەروروبەرمان جیاواز و وەکیەک نییە، ئەمەش دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە تێگەیشتن لە ڕووی کلتورییەوە دیاریکراوە، واتە هۆکارە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان کاریگەریی بەرچاویان لەسەر تێڕوانین و لێکدانەوەی تاکە کەسی بۆ جیهان هەیە، کە بەهۆی نۆرم و بیروباوەڕی کلتوریی ، ناسنامەی کۆمەڵایەتی، زمان، گێرانەوە، دامەزراوە. ئەم هۆکارانە، کە ڕەگیان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی وکلتووریدا هەیە، کاریگەرییان لەسەر شێوازی پرۆسێسکردنی زانیارییەکانی مرۆڤەکان هەیە، ئەزموونەکانیان بە مانای خۆیان دەزانن و تێڕوانینەکان پێکدەهێنن(Junaid,2025;6).کەواتە کلتور کاریگەریی لەسەر شێوازی تێگەیشتنی مرۆڤەکان بۆ جیهان و ڕووداوەکان هەیە، هەروەک چۆنTriandis ئاماژە بەوە دەکات" هۆکارە کلتورییەکان هەندێک لەو مانایە دەستەبەردەکەن، کە لە تێگەیشتندا بەشدارن و هەر بۆیە لە نزیکەوە پەیوەندییان بەو پرۆسەیەوە هەیە .qtd) ." (In samovar et al,1981:115، هەرچەندە پێکهاتەی جەستە و ڕۆڵی کۆمەڵایەتیمان کاریگەریی لەسەر شێوازی هەستکردنمان بە پاڵنەر و هۆکارە دەرەکییەکان هەیە، بەڵام هەردووکیان لە بنچینەدا بە هۆی کلتورەکەمانەوە مەرجدارن، کەواتە کلتور نەک هەر بناغەیەک بۆ ئەو مانایانە دابیندەکات، کە دەیدەین بە تێگەیشتنەکانمان، بەڵکو تەنانەت بۆ جۆرە تایبەتەکانی مەبەست و مانای وشە ئاراستەمان دەکات(chen & starosta, 2007: 35) ، بۆ نموونە کاتێک لەدەرەوە گوێمان لە شتێک دەبێت هەرچەندە شەپۆلە دەنگییەکان دەگەنە گوێمان، لە پێڕەوی دەمارەکانمانەوە بۆ مێشک بە هەمان شێوە بۆ هەمووان دەگوازرێنەوە، بەڵام چۆن هەڵسەنگاندن و لێکدانەوە بۆ

ئەو دەنگە دەکەین کە دەیبیستین. یاخود بیر لە خواردنی جۆرەکانی گۆشت وەک ( گۆشتی مەڕ و بزن و سەگ و بەراز ...تاد) دەکەیتەوە، تاڕادەیەکی زۆر بەندە بەوەی کلتورەکەت فێری کردویت، بۆ نموونە خواردنی گۆشتی سەگ و بەراز لە کۆمەڵە موسڵمانەکاندا ڕێپێدراو نییە، واتە لەڕێگەی کلتورەکەیانەوە، بڕیار لەسەر تێگەیشتن و مانا و لێکدانەوەکانیان دەدەن، یاخود ئایا هەست بە خۆشحاڵی یان ناخۆشی دەکەیت لە بینینی هەندێک دیمەندا، لەمەوە دەردەکەوێت کاریگەریی کلتور لەسەر پێواژۆی تێگەیشتن ئەوەندە بەربڵاوە، کە پێدەچێت زۆر کەم لایەنی دەرئەنجامی تێگەیشتمان هەبێت، کە لەلایەن کلتورەکەمانەوە دیارینەکرابێت. ئایا بڕیاری ئێمە لەسەر جوانی یان شێوازی هەستکردنمان بە جیهانی دەرەوە بە پلەی یەکەم دەرئەنجامی کلتورەکەمانە. هەر بۆیە زۆربەی توێژەران یان زانایانی توێژینەوەی پەیپێبردن هاوڕان لەسەر ئەوەی، کە کلتور کاریگەریی زۆری لەسەر تێگەیشتن هەیە OU . Qiong,2017; 21))، ئەم کارریگەرییەش لەسەر هەر سێ قۆناغی پەیپێبردن هەیە ( بۆ وردەکاریی زیاتر لەسەر ئەم سێ قۆناغەی پەیپێبردنبڕوانە: بابەتی (١ /١)ی ئەم بەشە لەم توێژینەوەیە و سەرچاوە سوودلێوەرگیراوەکان!

١-٤/١)کاریگەریی کلتور لەسەر هەڵبژاردن:

مرۆڤ لە ژیانی ڕۆژانەیدا ڕووبەڕوو یان بەرکەوتنی لەگەڵ ژمارەیەکی زۆر و جۆراوجۆر لە پاڵنەرەکان هەیە ، مرۆڤەکان بەپێی پێشینەی کلتوریی خۆیان گرنگی بە هەریەک لەو پاڵنەرانە دەدەن، یاخود پشتگوێیان دەخەن، واتە هۆکاری کلتوری وا لە تاک دەکات بڕیاربدات کام پاڵنەر سەرنجمان ڕادەکێشێت و گرنگی پێدەدەین،یاخود کام پاڵنەر پشتگوێ دەخەین و بەلامانەوە گرنگ نییە، کەواتە مرۆڤ بەپێی پاشخانی کلتوری هەڵبژاردن لە پاڵنەرەکاندا دەکات ، واتە گرنگیپێدان و پشتگوێخستنەکانمان لە ڕوانگەی کلتوری تاکەکانەوەیە، بۆ نموونە ئەوکەسانەی ئارەزووی خواردنی شیرینی دەکەن کاتێک لەبەرنامەیەکی تەلەفزیۆنیدا باس لە زیانەکانی شیرینی دەکرێت، چەندین پاساو بۆ ناڕاست و دروستی ئەو زانیارییانە دەهێننەوە، کە لە بەرنامە تەلەفزیۆنەکەدا دەخرێتەڕوو و هەستیارییان بەرانبەر بە بەرنامەکە دەبێت، کەواتە پاشخانی کلتوری کاریگەریی لەسەر لایەنی دەرونی تاک و هەستیارییەکانی دەبێت. یاخود ئەوکەسانەی کە ڕێجیم دەکەن زیاتر هەستیارییان بەرانبەر ئەو پرۆگرامە تەلەفزێنییانە یان خود ئەو ریکلامانە دەبێت، کە لەسەر خواردن دروستکردن دەکرێت.

٢-٤/١)کاریگەریی کلتورلەسەر ڕێکخستن:

ڕیکخستن وەک قۆناغێکی پەیپبردن ؛کاریگەریی کلتوریی جیاوازی لەسەر دەردەکەوێت، بەجۆرێک هۆکارە کلتورییەکانی وەک (زمان . پۆلێنکردنە جۆراوجۆرەکانی مرۆڤ ، بەهاکان ، زانیاری پێشینەی مرۆڤ...تاد) کاریگەریی ڕاستەوخۆیان، لەسەر قۆناغەکانی رێکخستنی تێگەیشتن هەیە. کلتور کاریگەریی لەسەر پۆلێنکردنی پاڵنەرەکان هەیە، بۆ نموونە ئەوە کلتوری ئیسپانییە وادەکات، کە تاکەکانی وڵاتی ئیسپانیا ڕوانینیان بۆ شەڕەگا لە ڕوانینی تاکێکی وڵاتێکی دیکە جیاواز بێت، بەجۆریک ئیسپانیاییەکان شەڕەگا بە یارییەکی چێژبەخش و پرچێژ دەبینن، بەڵام هەمان یاریی (شەڕەگا) لای تاکێکی وڵاتێکی دیکە، بۆ نموونە (عێراقی)یەک دەشێت بە جۆرێک لە دڕندەیی ئاژەڵان ببینرێت، بۆیە دەکرێت بوترێت: ئەوە کلتورە کاریگەریی لە تێڕوانین و لێکدانەوەکانمان دەکەن لەبارەی دیاردەکانەوە. یان کردەی ڕاوکردن دەشێت لای کوردێک پیشەیەکی چێژبەخش بێت ، بەڵام لای ڕۆژ ئاواییەک بە جۆرێک لە دڕندەیی و لەناوبردنی سامانی سروشتی دەبینرێت.

٣-٤/١)کاریگەریی کلتور لەسەر لێکدانەوە:

کلتور ڕۆڵێکی گرنگ و کاریگەر لە پرۆسەی پەیپێبرنەکانمان دەبینێت. بەشێوەیەک نەک تەنها دەستنیشانی ئەوە دەکات، کە کام پاڵنەر دەگاتە هەستەوەرەکانمان، تەنانەت ئەوەش دیارییدەکات چ واتایەک بە پاڵنەرەکان دەدەین، هەروەها کلتور بە بەها و باوەڕە دژبەیەکەکانییەوە، کاریگەریی لەسەر لێکدانەوەکانمان بۆ بویەر هەیە، ئەو واتایەش

دیاریدەکات، کە بۆ لێکدانەوەی، بۆ پاڵنەرەکانی دەگەڕێینەوە، بەم شێوە کاریگەریی لەسەر دەرئەنجامی تێگەیشتن دەبێت. کلتورە جیاوازەکان بە شێوەیەکی جیاواز پەی بە ڕەفتاری ئەوانی دیکە دەبەن و لێکیدەدەنەوە، بۆ نموونە گەر دوو پەیوەندیکەر (ئەزمونی هاوبەش و بەهای کلتوری هاوبەشیان هەبێت)، ئەوا ئاسانترە یەکێکیان بەشێوەیەکی وردتر و دروستتر ڕەفتارەکانی ئەوی دیکە لێکبداتەوە، واتە کەمتر هەڵەلێکدانەوە، یان هەڵەتێگەیشتنیان بۆ دەربڕاوەکانی یەکدی دەبێت، بۆنموونە دوو قسەکەری کورد کەمتر ڕووبەڕووی هەڵەلێکدانەوە دەبن، بەڵام قسەکەرێکی کورد و بیانییەک بەهۆی جیاوازی کلتور و نەبوونی ئەزموونی هاوبەشیانەوە دوچاری هەڵە لێکدانەوە دەبنەوە. بۆ نموونە لێکدانەوە جیاوازەکان بۆ ڕەنگەکان لە ڕوانگەی کلتوری جیاوازەوە دەبێت، بۆ نموونە ڕەنگی ڕەش لای زۆربەی نەتەوەکان ڕۆژهەڵاتییەکان ئاماژەیە بۆ پرسە و بونی خەم، بەڵام لێکدانەوە بۆ ئەم ڕەنگە لەلای ئەفریقاییەکان بەتایبەتی لەناوچەی کاریبی بۆ دەرخستنی جوانییە، یاخود ڕەنگی سور لای چینییەکان و زۆربەی نەتەوەکانی تر نوێنەرایەتی خۆشی و ئاهەنگ دەکات، بەڵام لای تاکێکی ئەمریکایەکان هەڵگری ئەو مانایە نییە، بەڵکو دەرخەری ترسە، چونکە ڕەنگی خوێنە، یاخود ڕەنگی سەوز لای نەتەوە موسڵمانەکان ڕەنگێکی پیرۆزە، بەڵام لای چینییەکان مانای زینا و بەدڕەوشتییە، یاخود ڕەنگی زەرد لای هندییەکان بە چاوێکی پیرۆزەوە تەماشای دەکەن، هەر ئەم ڕەنگە لای مەکسیکییەکان پەیوەستە بەمردنەوە..تاد، پەیوەست بەرەنگەکانی دیکەش هەر نەتەوەیەک لە پاشخانی کلتوری خۆیەوە مانای جیاوازییان دەداتێ. هەربۆیەDoddپێیوایە: ئەزمونە کلتورییەکانمان یارمەتیمان دەدات چۆنیەتیی بینینی شتەکان و لەقاڵبدانیان(Dodd,2006:129،، هەروەها( Joand) پێیوایە کە کاریگەری کلتور لە سەرهەستکردن و تەنانەت هەر هەنگاوێکی پێواژۆی تێگەیشتن هەیە، هەروەها ئەوە دەخاتەڕوو ئەو لیکدانەوە و تێگەیشتنانەی لەلایەن کلتورە جیاوازەکانەوە دەخرێنەڕوو، دەتوانن زۆر شت و زانیاری لەبارەی کلتوری نەتەوە جیاوازەکان ئاشکرابکەن(.Joand G. DeJaeghere,2007: 625)

بەشی دوهەم: پەیوەندیی بنەما کۆمەڵایەتی وکلتورییەکان و پەیپێبردن:

٢)بنەما کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان و پەیپێبردن:

پەیپێبردن، پێواژۆیەکی چالاک و دینامیکییە، هەر بۆیە دەکەوێتەژێر کاریگەریی چەندین هۆکاری جۆراوجۆرەوە، لەوانە خێرایی هەستیاری تاک، پەیوەندیی بنەما کۆمەڵایەتی وکلتورییەکان و پەیپێبردن)، مەعریفییەکان، هەست و پاشخانی کلتوری، گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، کە تاکەکان وەرگرێکی چالاکن لە کاریگەرییە کلتورییەکانیان، واتە بەشدارێکی چالاکن لە لێکدانەوەی زانیارییە هەستیارەکاندا بە پشتبەستن بە پاشخانی کلتوری، ئەزموونی کەسی، هەر بۆیە بنەماکلتوریە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی بەرچاو لە دارشتنی هەستکردنەکانی تاک و کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتیی واتادارکردنی جیهانی دەوروبەر هەیە، لەبەرئەوە هۆکارە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر چۆنییەتیی هەستکردن و لێکدانەوە و پەیپێبردنی تاکەکان بۆ دنیای دەوروبەریان هەیە، ئەم هۆکارانەش ڕەگیان لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کلتوریدا هەیە، کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتیی پێوالۆژیکردنی زانیارییەکانی مرۆڤ هەیە، بە ئەزموونەکانیان واتا دەدەن بە هەستەکانیان و تێڕوانین پێکدەهێنن. لێرەدا چەندین بنەمای کۆمەڵایەتی و کلتوری ئاماژە پێدەدەین، کە ڕۆڵ و کاریگەرییان لەسەر پەیپێبردن هەیە، لەوانە: بۆ زانیاریی زیاتر بڕوانە(rashmithakjn4,2024,1-13 ، Junaid,2025;1-4).

١/٢)نۆرم و بەها کلتورییەکان:

نۆرم (یاسا نەنوسراوەکانی ڕەفتار) و بەها کلتورییەکان کۆمەڵە یاسایەکن لە لایەن تاکەکانی هەر کۆمەڵ و گروپێکەوە پەیڕەوەدەکرێن، هەروەها ئەوە دیاریدەکەن، کە لە کۆمەڵێکی دیاریکراودا چی بە قبوڵکراو، گونجاو، یان بە گرنگ دادەنرێت؟ واتە نۆرمەکان ڕێنمایی تاکدەکەن، هەستی ڕێکخستن و پێشبینیکردن لە کارلێکە کۆمەڵایەتییەکانماندا دروستدەکەن، ئیسلام بۆرینکا، ماریۆ ساینز و تیۆفیلۆس گکینۆپۆلۆس و نوسەرانی تر ڕوونی دەکەنەوە، نۆرمە کۆمەڵایەتیەکان ئەو بنەما بنەڕەتییانە پێکدەهێنن، کە چاوەڕوانییەکان و ڕەفتارەکانی کۆمەڵ بەڕێوەدەبەن. ئەوان وەک هێزی ڕێنماییکار کاردەکەن و تاکەکان ئاراستەدەکەن لە چۆنیەتی کارلێککردن و پەیوەندیی کردن لەگەڵ ئەندامانی دەرەوەی گروپەکەدا. ئەوان بەردەوامن لە ئامۆژگاریکردن کە "تێگەیشتن لە نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن لەو داینامیکە پەیوەندییەی، کە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە مرۆییەکان هەیە، بە تایبەتی پەیوەندییەکانی نێوان گروپەکان و کە بەشدارن لە: هاوسەنگیی گشتی، یان ناتەبایی لەناو کۆمەڵەکان و لە نێوان کۆمەڵگاکاندا " (Borinca. Sainz. & Gkinopoulos, 2024)، واتە نۆرم ستانداردێکی قبوڵکراوە یان شێوە ڕەفتارکردن و ئەنجامدانی کارەکانە، کە زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵ پەیڕەوی دەکەن و لەگەڵیدا هاوڕان، بەجۆر هەرلادانیک لەو نۆرمانە تاک دەخاتە بەردەم سزادانی کۆمەڵ، کەواتە نۆرم، یاسا یان ستانداردی ڕەفتار ئەندامانی کۆمەڵ تێیدا هاوبەشن، واتە نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان بریتین لە ستانداردە هاوبەشەکانی ڕەفتاری قبوڵکراو کە لەلایەن گروپێک یان کۆمەڵەکەیەو پشتگیری دەکرێن. ئەوان کۆمەڵێک ڕەفتاری بەرفراوان لەخۆدەگرن، لە ئەتەکێتی ڕۆژانەوە تا ستانداردەمۆڕاڵییەکان. ئەم نۆرمانە دەتوانن ڕاستەوخۆ بن، وەک یاسا و ڕێساکان، یان ناڕاستەوخۆ بن، وەک داب و نەریتی. نۆرمە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی کۆمەڵایەتیکردنەوە فێر دەبن، کە تاکەکان بەها و چاوەڕوانییەکانی کولتوورەکەیان دەخەنە ناوەوە. "نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی ئەو بنەما بنەڕەتییانە پێکدەهێنن کە چاوەڕوانییەکان و ڕەفتارەکانی کۆمەڵ بەڕێوەدەبەن. ئەوان وەک هێزی ڕێنماییکار کاردەکەن کە تاکەکان ئاراستە دەکەن لە چۆنیەتیی کارلێککردن و پەیوەندیکردن لەگەڵ ئەندامانی دەرەوەی گروپەکەدا. ئەوان بەردەوامن لە ئامۆژگاریکردن کە "پەیپێبردن لە نۆرمەکانی کۆمەڵایەتی زۆر گرنگە بۆ تێگەیشتن ،کە کاریگەرییان لەسەر پەیوەندییە مرۆییەکان هەیە، بە تایبەتی پەیوەندییەکانی نێوان گروپەکان، و کە بەشدارن لە یان هاوسەنگیی گشتی یان ناتەبایی لەناو کۆمەڵگاکان و لە نێوان کۆمەڵگاکاندا " (Borinca. Sainz. & Gkinopoulos, 2024,277).نۆرمەکان کاریگەریان لەسەر پەیپێبردن هەیە ، بەوەی نۆرمەکانی کولتوور تێڕوانینەکانی تاکەکان کۆمەڵایەتیی قبوڵکراو دەتوانێت لە سەرانسەری کولتوورەکاندا زۆر جیاواز بێت. ئەوەی کە کلتورێک بە گونجاو یان سەرنجڕاکێش دەزانێت، ڕەنگە جیاواز بێت لە کلتورێکی دیکە، ئەمەش دەبێتە هۆی گۆڕانکاری لە بڕیاردانی هەستکردندا. هەروەها بەها کلتورییەکان ئەو بنەما سەرەکییانەن کە ڕێنمایی ڕەفتار و حوکمدان لە ناو کلتورێکدا دەکەن. ئەم بەهایانە ناوەڕۆک و شێوازی دەربڕین لە قالب دەدەن، وەک جەختکردنەوە لەسەر ئەدەب، ڕاستەوخۆ، یان ڕێزگرتن لە دەسەڵات.((Discourse Analyzer,2024;2 ).

٢/٢)ڕێژەیی زمانی:

زمان پێکهاتەیەکی سەرەکیی کلتور و پەیوەندییە، کاریگەرییلەسەر چۆنییەتی دەربڕین و لێکدانەوەی تاکەکان بیرۆکەکان هەیە. گریمانەی ساپیر-وۆرف پێشنیازی ئەوە دەکات، کە زمان بیرکردنەوە لە قاڵبدەدات )بۆزانیاریی زیاتر لەسەر ئەم بابەتە، بڕوانە:(شاخەوان جەلال فەرەج،٢٠١١: ٣)، واتە ئەو وشە و چەمکانەی لە زمانێکدا بەردەستن دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەرچۆنییەتیی هەستکردن و پۆلێنکردنی ئەزموونەکانی مرۆڤەکان. بۆ نموونە هەر زمانێک چەندین وشەیان هەیە بۆ ڕەنگەکان، لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە قسەکەرانی زمانەکان کە پۆلی ڕەنگی جیاوازیان هەیە، ڕەنگەکان بە شێوەیەکی جیاواز هەست پێدەکەن و پەیپێدەبەن . نموونەیەکی ناسراو بەراوردکردنی زمانی ئینگلیزی و ڕووسیاییە. زمانی ڕووسی وشەی جیاوازی هەیە بۆ شینێکی کاڵ ""goluboy و شینێکی تۆخ""siniy ، و لێکۆڵینەوەکان دەریانخستووە کە قسەکەرانی ڕووسی خێراترن لە جیاکردنەوەی ئەم دوو سێبەرە لە چاو ئینگلیزی قسەکەران. ئەمە پەیوەندیی بە پەیپێبردنی قسەپێکەرانی زمانەکانەوە لە خێرایی هەستپێکردن، هەروەها ڕێژەیی

زمانەوانی جەخت لەوە دەکاتەوە کە زمان کاریگەریی لەسەر جیهانبینی یان مەعریفە هەیە. یەکێک لە فۆرمەکانی ڕێژەیی زمانەوانی، دیاریکردنی زمانەوانی، زمانی گەلان وەک دیاریکەر و کاریگەری لەسەر بازنەی پەیپێبردنە کلتورییەکان بۆ جیهانی دەوروبەریان سەیر دەکات .(Harriet,2009;33-34 ).کاریگەریی زمان لەسەر تێگەیشتن، ئەو زمانەی لە کلتورێکی دیاریکراودا بەکاردەهێنرێت، ڕەنگە شێوازەکانی بیرکردنەوە لە قاڵبدات و کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی هەستکردن و پەسنکردنی تاکەکان بۆ جیهان هەبێت. ڕەنگە زمانە جیاوازەکان جەخت لەسەر هەندێک چەمک بکەنەوە، یان جەختیان لەسەر کەمبکەنەوە، ئەمەش کاریگەریی لەسەر پێواژۆی مەعریفی دەبێت Junaid,2025;4).).

٣/٢)کۆمەڵایەتیبوون:

کۆمەڵایەتیبوون لە چوارچێوەیەکی کلتوریی دیاریکراودا دەتوانێت کاریگەریی لەسەر چۆنیەتی هەستکردن و لێکدانەوەی تاکەکان بۆ ئاماژە کۆمەڵایەتییەکان، ڕەفتارەکان و پلەبەندییە کۆمەڵایەتییەکان هەبێت. کۆمەڵایەتیبوون ئەوە فێری تاکەکان دەکات، کە نۆرم و چاوەڕوانییە کلتورییەکان بۆ لێکدانەوەی بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان و مەبەستی خەڵکە، یاخود کۆمەڵایەتیبوون بریتییە لە پێواژۆی فێربوونی نۆرم و دابونەریتی کۆمەڵێک. مرۆڤەکان لە ڕێگەیەوە فێردەبن چۆن ڕەفتاربکەن بە شێوەیەک، کە کلتورەکەیان قبوڵ بێت. هەروەها کۆمەڵایەتیبوون یارمەتیدەرە بۆ دڵنیابوون لەوەی ئەندامانی کۆمەڵێک ئەو یاسایانە دەزانن و تێبگەن، کە چاوەڕوان دەکرێت پەیڕەوی لێبکەن بۆ ئەوەی بتوانن بە شێوەیەکی کاریگەر لە کۆمەڵدا، یان لەناو گروپێکی دیاریکراودا کاربکەن (Ochs, 1999; 231 Elinor)، بەکۆمەڵایەتیبوون دەتوانێت بە درێژایی ژیانی مرۆڤ ڕووبدات، بەڵام زۆرترین چڕبوونەوە لە کاتی منداڵی و هەرزەکاریدا دەبێت، کاتێک مرۆڤەکان فێری ڕۆڵەکانیان و چۆنیەتیی کارلێککردن لەگەڵ کەسانی دیکەدا دەبن. ڕەنگە کۆمەڵایەتیبوونی گەورەساڵان کاتێک ڕووبدات، کە مرۆڤەکان خۆیان لە بارودۆخی نوێدا ببیننەوە، بەتایبەتی لە کلتورێکدا کە نۆرم و دابونەریتی لە دابونەریتی خۆیان جیاوازە. جێی ئاماژەیە چەندین بریکاری کۆمەڵایەتیکردن لە داڕشتنی ناسنامەی مرۆڤدا ڕۆڵدەگێڕن ، لەوانە خێزان، میدیا، ئایین، قوتابخانە و گروپەکانی هاوتەمەن (هەمان سەرچاوە: ١٩٩٩-٢٣١)، هاوکات دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان بە چاندنی بەها و نۆرم و چاوەڕوانییە تایبەتەکان، تێڕوانینەکانی تاکەکان لە قاڵبدەدەن. بۆ نموونە پێڕەوی پەروەردەیی ڕەنگە کاریگەریی لەسەر چۆنیەتیی هەستکردنی تاکەکان بۆ زانین و سەرکەوتن هەبێت.

٤/٢) میدیا و کاریگەرییە کلتورییەکان:

میدیای جەماوەری، لەوانەش تەلەفزیۆن و فلیم و ئینتەرنێت، هەندێکجار هۆکارن بۆ زیندووکردنەوەی کلتور و بیروباوەڕە کۆنەکان، ئەمەش وادەکات کە تاکەکان زانیارییان لەسەر پێشینەی خۆیان هەبێت و شارەزایی لەسەر کلتور و دابونەریتی خۆیان پەیدابکەن، بۆ نموونە هەندێکجار لاوان و منداڵان لەڕێگەی کەناڵەکانی ڕاگەیاندن و فلیم و دراماوە زانیارییان لەبارەی هەندێک لە بۆنە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ( ئاهەنگگێڕان، منداڵبوون، پرسە، کۆچکردن...تاد) دەبێت، واتە میدیا هۆکاری زیندوکردنەوە و تاڕادەیەک گێڕانەوەی کلتور و دابونەریتە، بۆ نموونە لەچەند ساڵی ڕابردودا دیاردەی خەنەبەندان بۆ چەندین ساڵ لەبیری تاکەکاندا کاڵببوەوە، بەڵام کاریگەریی میدیا و تۆڕە کۆمەڵایەتییەکان دیسان زیندوکراوەتەوە و تەنانەت ئێستا ئاهەنگی گواستنەوە بەبێ خەنەبەندان ئەنجامنادرێت، ئاشکرایە کە دیاردەی خەنەبەندان مێژوویەکی کۆنی هەیە، بەڵام چەند ساڵێک ئەوە بۆنەیە کاڵببووە، واتە میدیا وادەکات کە هەست بە جیاوازی کلتور لە نێوان چینەکانی کۆمەڵدا بکرێت، لەگەڵ ئەوەشدا پێویستە ئاماژە بەوە بدەین، کە تاکەکانی کۆمەڵ وەرگرێکی باش و چالاکن لە وەرگرتن و زیندوکردنەوەی کلتور، ئەمەش وا دەکات کە تاک بەشداری لە لێکدانەوەی زانیارییەکانی بکات بە پشتبەستن بە پاشخانی کلتوری و ئەزموونی کەسی (rashmithakjn4,2024;11),بۆیە فاکتەرە کلتورییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵێکی بەرچاو لە داڕشتنی فلتەرە

هەستکردنەکانی تاک و کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتیی واتادارکردنی جیهانی دەوروبەری دەگێڕن. تێگەیشتن لەم کاریگەرییانە بۆ پێشخستنی هەستیاری کلتوری و پەیوەندییکاریگەر لە کۆمەڵگەیەکی هەمەچەشندا زۆر گرنگە. تێڕوانینمان بۆ جیهان، ئەوەی ئێمە پێمان وایە ڕاستە و چۆن ڕووداوەکان لێکدەدەینەوە، تەنها لەسەر بنەمای واقیعی بابەتیی نییە. بەڵکو بە قووڵی لەلایەن دوو بنەمای بەهێز و زۆرجار نەبینراوەوە لە قاڵب دەدرێن، میدیاو کلتوور، ئەم هێزانە تێگەیشتنمان لە هەموو شتێک لە پرسە کۆمەڵایەتییەکانەوە تا ناسنامەکانی خۆمان لە قاڵب دەدەن. تێگەیشتنەکانمان کە بریتییە لە پرۆسەی هەڵبژاردن و ڕێکخستن و لێکدانەوەی زانیاری لە هەستەکانمانەوە بۆ تێگەیشتن لە جیهانی دەوروبەرمان. بەڵام ئەم پرۆسەیە پرۆسەیەکی چالاکە لە ژێر کاریگەریی چەندین هۆکاردایە، کە میدیا و کلتوور ڕۆڵی سەرەکی تێدا دەگێڕن(rashmithakjn4,2024;13)

٥/٢ (ناسنامەی کۆمەڵایەتی و ئەندامێتیی گروپ :

شوناسی کۆمەڵایەتی ئاماژەیە بۆ هەستی تاک بە سەر بە گروپە کۆمەڵایەتییە تایبەتەکان، وەک نەتەوە، ئایین، یان نەتەوە، ئەندامێتیی گروپ دەتوانێت چۆنیەتیی هەستکردن بە تاکەکان وکەسانی دیکە لە قاڵب بدات. ڕەنگە شێوازی کۆن و لایەنگرییەکانی پەیوەست بە گروپە کۆمەڵایەتییەکان کاریگەرییان هەبێت لەسەر چۆنیەتیی هەستکردن بە مرۆڤەکان لەسەر بنەمای ناسنامە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکان. واتە هۆکارە کلتوورییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵ لە دروستبوونی چەشنێکی کۆنەپەرست و لایەنگری کۆنەپەرستی دەبینن، کە کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتیی هەستکردن و کارلێکی تاکەکان لەگەڵ کەسانی خاوەن کلتووری جیاوازدا هەیە. ئەم لایەنگرییانە دەتوانن کاریگەرییان هەبێت لەسەر کاریگەرییە سەرەتاییەکان و بڕیاردان. لە ڕوانگەی دەروونییەوە، مێشکمان وابەستەکراوە بۆ ئەوەی ڕێگای کورتی دەروونی بگرێتەبەر بۆ پرۆسێسکردنی ئەو بڕە زۆرەی زانیارییە کە ڕۆژانە ڕووبەڕوومان دەبێتەوە. ئەم پرۆسەی پۆلێنکردنە، هەرچەندە کارامەیە، بەڵام دەتوانێت ببێتە هۆی دروستکردنی چەشنە چەقبەستووەکان Sarah)) Lee,2025;2ئێمە بە شێوەیەکی سروشتی مرۆڤەکان لەسەر بنەمای تایبەتمەندییە هاوبەشەکان گرووپ دەکەین، کە دەتوانێت ببێتە هۆی لایەنگری "لە ناو گروپ" و لایەنگری "دەرەوەی گروپ". تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتی پێشنیازی ئەوە دەکات، کە ئێمە بەشێک لە ناسنامەکەمان لەو گروپانە وەربگرین کە سەر بە ئەوانین، ئەمەش وامان لێدەکات بە شێوەیەکی لەبارتر تایبەتییەکانی گروپی خۆمان بکەینە تیۆری ناسنامەی کۆمەڵایەتیمان، SIT))گریمانە دەکات کە تاکەکان هەستی ناسنامە و سەربەخۆیی لەو گروپانە وەردەگرن کە سەر بە خۆیانن. ئەم تیۆرییە پێشنیازی ئەوە دەکات کە خەڵک مەیلیان هەیە لە لایەن گروپی ناوخۆیی خۆیانەوە (ئەو گروپەی کە خۆیان لەگەڵیدا دەناسێنن) بەسەر گروپەکانی دەرەوە (ئەو گروپانەی کە خۆیان لەگەڵیاندا ناناسێنن)، زۆرجار دەبێتە هۆی دروستبوونی چەشنە کۆنەپەرستانەکان لە دژی گروپەکانی دەرەوە کۆنەپەرستەکان. هەروەها ڕوونیدەکاتەوە کە بۆچی تاکەکان ڕەنگە زیاتر چەشنە کۆنەپەرستانە نەرێنییەکانیان هەبێت سەبارەت بەو گروپانەی کە وەک جیاواز یان هەڕەشە لە پێگە یان ناسنامەی ناو گروپەکەیان هەست پێدەکەن .(Sarah Lee,2025;2).ڕوانگەی کۆمەڵناسی تیشک دەخاتە سەر ڕۆڵی فێربوونی کۆمەڵایەتی و گواستنەوەی کلتووری. لە تەمەنی گەنجییەوە لە ڕێگەی خێزان و هاوتەمەن و میدیا و دامەزراوە پەروەردەییەکانەوە بەرەوڕووی چەشنە چەقبەستووەکان دەبین(Saul McLeo, 2023,2-3)میدیا بە تایبەتی دەتوانێت بەردەوام بێت.

٦/٢) نەریت و ڕێوڕەسمە کلتورییەکان :

نەریت و ڕێوڕەسمی کلتوری جێبەجێکردنێکی ڕەمزییە و بە نەوەکان دەگوازرێتەوە.بەشدارییکردن لە نەریت و ڕێوڕەسمە کلتورییەکان یارمەتیدەرە لە داڕشتنی تێڕوانینەکانی تاکەکان بۆ ڕووداوە ماناداارەکان، پەیوەندییەکان و ڕۆڵی

کۆمەڵایەتی. واتە نەریت وجێبەبێکردنە کلتورییەکان، وەک ڕێوڕەسم و داب و نەریتە ئاینییەکان دەتوانن کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتیی لێکدانەوە و بەکارهێنانی ئەزموونە هەستیارەکان و واتا هەبێت. ئەم جێبەجێکردنانە دەتوانن کاریگەرییان لەسەر تێگەیشتن لە پیرۆزی، پاکی، یان هێماسازی هەبێت. نەریتە کلتورییەکان بریتین لە کردارەکان و دەربڕاوەکان، کە لە نەوەکانەوە دەگوازرێنەوەو ڕەنگدانەوەی مێژوو و بەها و ناسنامەی کۆمەڵگەیەکن. جۆرە جیاوازەکانی وەک نەریتە ئایینی، خێزانیی و نەتەوەییەکان لەخۆدەگرن و ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕن لە پاراستنی ناسنامەی کلتوری و پەروەردەکردنی پەیوەندی کۆمەڵایەتیبە تێپەڕبوونی کات، ڕەنگە نەریتەکان بەهۆی نوێگەری و جیهانگیرییەوە پەرەبستێنن ، کە ببێتە هۆی جێبەجێکردنێکی نوێ و لە هەمان کاتدا ڕەگ و ڕیشەی کلتوری دەپارێزرێت، نەریتەکانی هەر کۆمەڵێک بۆ پاراستنی شوناس و مێژووی کولتوریارمەتیدەرن، هەروەها پەیوەندی نێوان ئەندامانی خێزان و ئەندامانی کۆمەڵ بەهێز دەکەن.((abbosaliev47,2020;1 .

٧/٢) گۆڕانکارییە کلتورییەکان:

دەروونناسی نێوان کلتورەکان لێکۆڵینەوە لەوە دەکات،کە چۆن تێڕوانینەکان دەتوانن لە سەرانسەری کلتورە جیاوازەکاندا جیاواز بن. توێژینەوەکان لەم بوارەدا دەریانخستووە تاکەکانی کلتورە جیاوازەکان دەربڕینی دەموچاو و بارودۆخە کۆمەڵایەتییەکان بە شێوەیەکی جیاواز هەست پێدەکەن و لێکیدەدەنەوە. گۆڕانکارییە نێوان کلتورییەکان بەپێی سەردەم خۆی لەو ئەو جیاوازییە زۆر و ئاڵۆزانە دەبینێتەوە، کە لە نۆرم و بەها و بیروباوەڕ و ڕەفتارەکانی کۆمەڵایەتی تاکدا ڕوودەدەن، کە لە نێوان گروپە کلتورییە جیاوازەکاندا هەن. ئەم گۆڕانکارییانە چۆنیەتییتێگەیشتنی تاکەکان بۆ جیهان و پەیوەندییکردن لەگەڵ کەسانی دیکە و بەڕێوەبردنی ژیانی ڕۆژانەیان لە قاڵبدەدەن. یەکێک لە چوارچێوە کاریگەرەکان بۆ تێگەیشتن لەم گۆڕانکاریانە، تیۆری ڕەهەندە کلتورییەکانی هۆفستێدە* ئەم تیۆرییە لەلایەن دەروونناسێکی کۆمەڵایەتی هۆڵەندی Geert Hofstede پەرەپێدراوە.

---

*تیۆری ڕەهەندە کلتورییەکانی هۆفستێد چوارچێوەیەکە، کە بەکاردێت بۆ تێگەیشتن لە جیاوازییەکانی کلتور لە سەرانسەری وڵاتان و ئەو ڕێگایانەی کە بازرگانی لە سەرانسەری کلتورە جیاوازەکاندا ئەنجام دەدرێت. بە واتایەکی تر چوارچێوەکە بۆ جیاکردنەوەی کلتورە نەتەوەییە جیاوازەکان و ڕەهەندەکانی کلتور وکاریگەرییەکانیان لەسەر ئەتەکێت و ئاسانکاری بۆ پەیوەندیکردن لە بوارەکانی بازرگانییەوە تا دیپلۆماسی بەکاردەهێنرێت ,Helen Wale ).، یاخود تیۆری ڕەهەندە کلتورییەکانی هۆفستێد چوارچێوەیەکە بۆ دەروونناسی بڕبڕەی کلتوری، کاریگەرییەکانی کلتوری کۆمەڵێک لەسەر بەهاکانی ئەندامەکانی نیشاندەدات، و چۆن ئەم بەهایانە پەیوەندییان بە ڕەفتارەوە هەیە، ,Adeoye, Blessing; Tomei, Lawrence (2014;6).مۆدێلی هۆفستێد شەش ڕەهەندی سەرەکی بۆ بەراوردکردنی کلتورە نیشتمانییەکان لەخۆدەگرێت: پێوەرەکانی مەودای دەسەڵات(PDI) ، تاکگەرایی بەرانبەربە کۆمەڵگەرایی(IDV) ، پیاوسالاری بەرانبەر بە مێینەیی(MAS) ، پێوەرەکانی دوورکەوتنەوە لە نادڵنیایی(UAI) ، ئاراستەکردنی درێژخایەن بەرانبەر بە کورتخایەن(LTO) ، و بەرانبەر بەخوگرتن (IVR). (Hofstede, Geert ,2001;2) هەر ڕەهەندێک تیشک دەخاتە سەر ئەوەی کە چۆن کلتورەکان جیاوازن لە ڕووی دەسەڵات، پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، دەستکەوت، لێبوردەیی بۆ نادڵنیایی، ئاراستەکردنی کات، و ئاستی خۆکۆنترۆڵکردن( PDI ).باس لەوە دەکات کە تا چەند دەسەڵات وەرگیراوە و پەیرەودەکرێت (IDV ).ئەو ڕادەیە دەپێوێت کە خەڵک وەک تیمێک چاویان لە یەکترە یان وەک تاکێک چاویان لە خۆیانە MAS .نوێنەرایەتی بەها تایبەتەکان دەکات کە کۆمەڵەیەک بەهایان پێدەدات . LTOدەریدەبڕێت کە چۆن کۆمەڵەکان یان نەریتەکان لە پێشینەی کارەکانیان دەدەن یان بەدوای مۆدێرنەکاندا دەگەڕێن لە مامەڵەکردنیان لەگەڵ ئێستا و داهاتوودا. پێوەرەکانی IVR بەراوردێکە لە نێوان ئامادەیی وڵاتێک بۆ

چاوەڕوانی سوودە درێژخایەنەکان بە دوورکەوتنەوە لە ڕازیکردنی خێرا، یان پەسەندنەکردنی هیچ سنوورێک بۆ چێژوەرگرتن لە ژیان لە ئێستادا.((nsights, Hofstede,2022,3 .

-ئەنجامەکان:

١ -زۆر هۆکار کاریگەریی لەسەر پرۆسەی پەیپێبردن هەیە، بەڵام بەهۆکاری ئەوەی زمان کەرەستەسەرەکییە لە کۆمەڵدا و لەئاخاوتن و هەموو بوارەکانی ژیاندا بەکاریدەهێنن ، هەر بۆیە فاکتەرە کۆمەڵایەتی و کلتورییەکان ڕۆڵی سەرەکی لە پرۆسەی پەیپێبردن بە واتاو مەبەستی دەربڕاوەکان دەبینن .

٢ -پەیپێبردن پێواژۆیەکی چالاک و دینامیکییە، هەربۆیە دەکەوێتەژێر کاریگەریی چەندین هۆکاری جۆراوجۆرەوە، لەوانە خێرایی هەستیاری تاک، پیواژۆ کۆزانیارییەکان، هەست و پاشخانی کلتوری، گرنگە ئاماژە بەوە بدەین، کە تاکەکان وەرگرێکی چالاکیی کاریگەرییە کلتورییەکانیانن ، واتە بەشدارێکی چالاکن لە لێکدانەوەی زانیارییە هەستیارەکاندا بە پشتبەستن بە پاشخانی کلتوری، ئەزموونی کەسی ، هەر بۆیە فاکتەرە کلتورییە کۆمەڵایەتییەکان ڕۆڵی بەرچاو لە داڕشتنی هەستکردنەکانی تاک و کاریگەرییان لەسەر چۆنیەتیی واتادارکردنی جیهانی دەوروبەر هەیە.

٣ -چەندین فاکتەر کاریگەرییان لەسەر پەیپێبردن هەیە، یەکێک لە فاکتەرە سەرەکییەکان (کلتور)ە، هەر بۆیە کلتور وەک هۆکارێک کاریگەریی لەسەر تێگەیشتنی جۆراوجۆری مرۆڤ هەیە، پەیوەست بە زمانی کوردیشەوە هەر جیاوازییە کلتورییەکانە وایکردووە، کە پەیپێبرنمان بۆ دەربڕاوکان هەمەجۆر و جیاوازبێت.

٤-بە ڕوانین لە شرۆڤەی ئەو نموونانەی لە توێژینەوەکەدا خراونەتەڕوو، دەگەینە ئەوەی یەکێک لەوهۆکارانەی کاریگەرییان لە پەیپێبردنی جیاواز بۆ دەربڕاوەکان هەیە، دەوروبەری کۆمەڵایەتییە، هەریەک لە پۆلەکۆمەڵایەتییەکان بە پێی نۆرمی تایبەتی خۆیان واتایی جیاواز بە دەربڕاوەکان دەدەن، بەمپێیە پۆلە کۆمەڵایەتییە جیاوازەکان بۆ نموونە ( کرێکارێک، دکتورێک، مامۆستایەک، ...تاد) ،دەتوانن هەمان دەربڕینی زمانیی پەیوەست بە پۆلە کۆمەڵاتییەکانیانەوە بۆ مەبەستی جیاواز بەکاربەن.

**سەرچاوکان**

ئالان محەمەد ئەوڕەحمان ، ٢٠١٥، پەرچەواتا لە بۆتەی کۆزمانەوانیدا، ماستەر نامە، زانکۆی سلێمانی/ سکوڵی زمان.

٢باخان سەرحەد عەبدولڕەحمان، پەیپێبردنی ئاخاوتنی و دەستپێداگەیشتنی فەرهەنگی لە زمانی کوردیدا، زانکۆی سلێمانی ، کۆلێژی زمان، ٢٠٢٣،تێزی دکتۆرا.

بێستون ئەبوبەکر عەلی (٢٠٢٥)، پەیپێبردن بە هەستەکان لەزمانی کوردیدا(کێڵگەی واتایی پینج هەستەکە بە نموونە) (توێژینەوەیەکی هەڵهێنجراوە، گۆڤاری زانکۆی کەرکوک) .

کاروان عومەر قادر ، شاخەوان جەلال فەرەج ،ئاڤێستا کەمال ، ٢٠١٧، پەیپێبردنی فۆنۆلۆژیانە لە ناسینەوەی وشەکانی زمانی کوردی، گۆڤاری زانکۆی گەشپیدانی مرۆیی، بەرگی (٣) ژمارە(٤)

بختيار منش، الهام(١٣٩٥)، تقويت ادراک حسی متعادل در کارگاه درک و بيان محيط، نشريه صفه, شماره ٢٦(٧٢)،ص (٢١-٣٨)

سرمدی، صدف؛ شاهچراغی، آزاده ، کریمی فرد، لیلا(۱۳۹۹)، فرایند ادراک منظر بر پایه ادراکات حسی و عقلی، نشریه علمی باغ نضقو شماره۱۷(۸۸)،ص(۲۷-۳۸).

فاکەڵتی زانستەمرۆڤایەتییەکان. شاخەوان جەلال فەرەج، ۲۰۱۵، شێوازی دووان لە دەق زمانیدا، زانکۆی سلێمانی/فاکەڵتی زانستە مرۆڤایەتییەکان/ سکوڵی زمان/بەشی کوردی.

**References**

abbosaliev47.2020. Cultural Traditions.

Adeoye, Blessing; Tomei, Lawrence (2014). Effects of information capitalism and globalisation on teaching and learning. Pennsylvania: Information Science Reference. p. 6. ISBN 978-1-4666-6163-

Bai, Y. (2001). On the relationship between language andperception. Journal of Luoyang Technology College, (1), 52-54.

Bertram F. Malle,2019, How Many Dimensions of Mind Perception Really Are There?, Brown University.

Borinca, Islam; Sainz, Maio; Gkinopoulos, Theofilos, Volume 30 (3): 7 – Aug 1, 2024, Social Norms and Peace. University of Groningen, Social Norms and Peace, Link to publication in University of Groningen/UMCG research database, 10.1037/pac0000761.

Bruner, J. (1958). Social psychology and perception. In E. Maccoby, T. Newcomb, & E. Hartley (Eds.), Readings.

Cantor, N., Mischel, W., & Schwartz, J. (1982). Social knowledge. In A. Isen & A. Hastorf (Eds.), Cognitive social psychology(pp.33-72). New York: Elsevier

Chen, G. M., & Starosta, W. J. (2007). Foundations of intercultural communication. Shanghai: Shanghai Foreign Language Education Press.

Chun, M. M. (2017). Visual attention and perceptual organization. Current Opinion in Psychology, 17, 41-46.

Deepak Saxena (Birla Institute of Technology and Science, Pilani, India),Source Title: Handbook of Research on Developing Students' Scholarly Dispositions in Higher Education,Copyright: © 2021,DOI: 10.4018/978-1-7998-7267-2.ch015.

Dodd, C. H. (2006). Dynamics of intercultural communication (5th ed.). Shanghai: Shanghai Foreign Language Education Press.

Elinor Ochs, E. (1999). Socialization. Journal of Linguistic Anthropology,9(1/2),230-233.First published :28June2008 Citations: 36 PDF.https://doi.org/10.1525/jlin.1999.9.1-2.230

Junaid Aktaron Feb )16, 2025‹(Sociocultural factors play a significant role in shaping how individuals perceive and interpret the wor.

Hofstede, Geert (2001). Culture's Consequences: Comparing Values, Behaviors, Institutions and Organizations Across Nations. SAGE Publications. ISBN 9780803973244.

Insights, Hofstede. "National Culture". hi.hofstede-insights.com. Retrieved 28 February 2022.

Joan G. DeJaeghere, ‹International Journal of Intercultural Relations‹Volume 31, Issue 5, September 2007, Pages 625-628 2007.

John Spacey, updated on February 01, 2025, Why Experience Is Important (12 Key Points).

Kendra Cherry, MSEdAuthor, (2024)Psychosocial Rehabilitation Specialist, EducatorExpertisePsychology, Child Psychology, Personality, Research EducationBoise State University, Idaho State University.

Norbert Schwarz,2010, Feelings-as-Information Theory, University of Michigan.

in social psychology (3rd ed., pp.85-94). New York: Holt,

Neurolaunch editorial team, September 15, 2024, Context Effect in Psychology: Definition, Examples, and Implications, Home/General Psychology.

Ottenheimer, Harriet (2009). The anthropology of language : an introduction to linguistic anthropology (2 ed.). Belmont, CA: Wadsworth. pp. 33–34. ISBN 978-0-495-50884-7. OCLC 216940204.

OU Qiong,( 2017), A Brief Introduction to Perception,Lecturer, School of Foreign Languages in Huizhou University.

rashmithakjn Apr 05, 2024, Socio Cultural Factors Influence Perception, "Cultivating Perception: How Socio-Cultural Factors Shape Our Worldview".

Saurabh Kumar Suman ‹Vol 83 No 2, January-June 2023 ‹Ph.D. Research Scholar, University Department of Philosophy,VinobaBhave University, Hazaribag, Jharkhand (IN).

Sarah Lee, Llama-4-Maverick-17B-128E-Instruct-FP8 6 min read · May 23, 2025, The Psychology Behind Stereotype Formation.

Singer, M. (1987). Intercultural communication: A perceptual approach. Englewood Cliffs, NJ: Prentice-Hall.

Saul McLeod, PhD Published on November 10, 2023. Reviewed by

Olivia Guy-Evans, MSc, Stereotypes In Psychology: Definition & Examples.

Sandkühler, Hans Jörg (2010). "Erfahrung". Enzyklopädie Philosophie. Meiner.

Watts, A. (1966). The book: On the taboo against knowing who you are. New York: Pantheon.